# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و

# ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانیی دژبە تیرۆر

زنجیرەی هۆشیاریی حزبی / ژمارە / 1ی کانونی دووەمی 2024

سلێمانی

## بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و رۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی راگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کـۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی، لەبەر رۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و رەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بوژاندنەوەو درێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

## زنجیرەی هۆشیاریی حزبی

زنجیرەیەک نامیلکەی تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی حزبی، بۆردی هۆشیاری سەر بە مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری ناوبەناو دەریدەکات. ئامانج لەم زنجیرەیە بریتییە لە بەشداریکردن لە پرۆسەی پێشخستن و گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی کادیرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ڕێگای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە دیدی یەکێتی لە پرسە جۆراوجۆرە فیکری و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان و هەر بابەتێکی تری پەیوەندیدار بە هۆشیاریی حزبییەوە لەبەر ڕۆشنایی پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان .

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# و
# ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانیی دژ بە تیرۆر

ئامادەکردن : فەرید ئەسەسەرد

-ناوی نامیلکە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانیی دژ بە تیرۆر
- ئامادەکردنی: فەرید ئەسەسەرد
- بەڕێوەبەری زنجیرە: ڕێکەوت ئیسماعیل
- دیزاین: ئەمیرە عومەر
- تیراژ: ( 1000 ) دانە
-ساڵی چاپ: 2024

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
# و
# ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانیی دژ بە تیرۆر

## پێشەکی:

هەرچەنــدە تیــرۆر مێژوویەکــی زۆر کۆنــی هەیــە، بــەڵام لــە ڕۆژگاری هاوچەرخمانــدا، هێرشــەکانی ١١ی ســێپتێمبەری ٢٠٠١ی مانهاتــن وەک ســنورێکی جیاکــەرەوە بــۆ دەســتپێکی جەنگــی دژ بــە تیــرۆر لــە زەینــی هەمــوو کەســێکدا چەســپیوە.. ئــەو جەنگــە لــە ســەروبەندی بەڕێوبەرایەتــی جــۆرج دەبلیــو بۆشــدا بــوو کــە لەمــاوەی چەنــد ســاڵێکدا بــە هاوپەیمانــی ٨٠ دەوڵــەت و لــە هەمــوو ســوچێکی دنیــادا پیــادە کــرا. هەرێمــی کوردســتانیش گۆڕەپانێکــی ئــەو جەنگــە بــوو، جەنگێــک کــە دەتوانیــن بڵێیــن هەتــا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیــە.

یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ ە وە ، بەشــێک بوو لە دەســەڵاتی سیاســی لــە هەرێمەکــەدا، ئــەو دەسەڵاتەشــی لــە شــەرعیەتی

هەڵبژاردنەوە بەدەست هێنابوو، بە میکانیزمی دیموکراسی و یاسایی حوکمی دەکرد، بۆیە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی دیاردەکە لە هەرێمی کوردستان، تێگەیشتنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ پرسی تیرۆر رون و ئاشکرا بوو. تێگەیشتنێک بوو کە پێناسەکەی لە چەمکەکانی دیموکراسی و پلورالیزم و سیکولاریزمەوە هەڵقولابوو. فەلسەفەی سیاسی خۆشی زۆر بە رون و سادەیی لە چەپکە گوڵەکەدا درەخشان دەکرد.

ئەم دنیابینییەی یەکێتی وایکردبوو کە ئەو حزبە مەسئولانە و لە پێگەی حکومەت و دەسەڵاتەوە مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا بکات و پێناسەی تیرۆریش هەر لە ناو بڕگە یاساییەکاندا دابڕێژێت. فەلسەفەی چەپکە گوڵەکەش بە کورتی ئەوە بوو کە ئەم وڵاتە جوانەی خۆمان باخچەیەکی رەنگینە و جێگای هەموو گوڵ و رەنگەکانی تێدا دەبێتەوە و هەر بە میکانیزمە سیاسی و یاسایی و دیموکراسییەکان هەموو شەبەنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن خۆیان بەیان کەن و بێنە نێو کایەکەوە. بە کورتی و پوختی پێناسەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ تیرۆر پێناسەیەکی سیاسی نەبوو، بەڵکو پێناسەیەکی

یاسـایی بـوو کـە بەنـد و بڕگەکانـی هەڵقـولاوی ئـەو خەبـات و مانـدوو بـوون و قوربانییـە زۆرە بـوو کـە گەلـی کوردسـتان بـە خـاك و خۆڵـی ئـەم وڵاتەیـان بەخشـیبوو، وەک جاڕنامەیەکـی ئەخلاقـی و پابەنـد بوونێکـی ویژدانـی بـوو بـۆ یەکێتـی.

ئەوانـەی چەپکە دڕکیان هەڵدەبژارد و دیموکراسـییەتیان ڕەت دەکـردەوە و ئامـادە بـوون هەرێمـی کوردسـتان بخەنە بـەردەم ڕەحمەتـی تـەور و شمشـێری هـاوردە کـراو، ئەوانـەی ڕۆژێـک لـە ڕۆژان لـە سـێبەری داربەڕویەکـدا شنەبای ئـەم وڵاتـە لێـی نەدابـوون، ئەوانـەی کـە تەنانەت باوەڕیشـیان بـە جوگرافیـای ئـەم وڵاتـە بەلەنـگازە نەبـوو، لـەو دیـو سـنورەکانەوە فەرمانیـان پێکرابـوو حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و خـودی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان بکەنـە ئامانـج..

یەکێتـی مەسـئولانە هەڵوێسـتی نوانـد، بـۆ ئـەوەی گـەل و نیشـتمان سـەلامەت بێـت، دەبـوو بەرامبـەر بـەم ڕەشـەبا زەردەی ئـەو دیـو سـنورەکان بـە پێـوە بمێنێتـەوە و سـنگی خـۆی بداتـە بـەر تیـری غـەدر و نامەردانـەی تیـرۆر ... ڕاسـتە تیـرۆر زەبـری زۆری لێمـان وەشـاند، گیانـی ئازیـزان و گەنجـان و کوڕوکاڵـی لێبردیـن، بـەڵام ئیـرادەی کوردبـوون و باوەشـکردن بـە بـاڵای دایکـی

نیشــتمان بەهێزتــر بــوو، دۆزەخێکــی بــۆ داخســتن مەگــەر تەنهــا لاپــەڕە ســورەکانی مێژوومــان بتوانێــت چیرۆکەکانــی بگێڕێتــەوە ... ســەرەنجام چەپکــە گوڵەکــەی مامــی هەمیشــە زینــدوو ڕەنگیــن تــر و ئــاڵاو واڵاتــر دەدرەوشــایەوە. درەوشــانەوەیەک کــە تەنانــەت بەشــێک لــە گومڕاکانــی نــاو شــەبەنگی تیرۆرستانیشــی هێنایــە نــاو کایــە دیموکراســییەکەو فێــری کــردن کــە ژیــان ڕەنــگاو ڕەنگــە و بــە هەمــوو ڕەنگەکانــەوە تابلۆکــە تــەواو دەبێــت.

ئــەم نامیلکەیــەی بەردەســتان (هۆشــیاریی حزبــی) چەردەیــەک لــەو بابەتــەی ســەرەوە دەخاتــە ڕوو. ڕۆڵــی مێژوویــی گرنگــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان و ســەرۆک مــام جــەلال، لــە پرســی ڕووبەڕووبوونــەوەی تیــرۆردا دەخاتــە ڕوو. بــۆ کادیــری حزبــی ڕوون دەکاتــەوە کــە ئــەوە یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان بــووە بــە درێژایــی بوونــی خــۆی لــە گۆڕەپانــی سیاســیدا دوژمنــی سەرســەختی تیــرۆر و تونــدڕەوی سیاســی بــووە و لــەو پێناوەشــدا پێشــەنگ بــووە و زۆرتریــن ژمــارەی قوربانیی داوە. لــە هەمــوو ئەوانــەش گرنگتــر بــۆ خوێنــەری هێــژا ڕوون دەبێتــەوە کــە ئــەوە ئێمەیــن خویندنــەوەی واقیعــی و دروســتمان هەبــووە بــۆ جەنگــی دژ بــە

تیـرۆر و بەهـۆی سیاسـەتی حەکیمانـەی سـەرۆکی کـۆچ کردومـان توانیومانـە نـەک بەشـێک بیـن لـە بـەرەی دژ بـە تیـرۆر بەڵکـو ڕۆڵـی مێژوویـی و سـەرەکیمان هەبێـت لــە پاککردنــەوەی کوردســتان لــە هــزری تونــدڕەوی و ڕەشــەبای زەردی تیــرۆری هاوردەکــراوی بیابــان. ئــەم نامیلکەیـە هەوڵێکـە بـۆ پیشـاندانی هەڵوێسـتی راسـت و دروســتی یەکێتــی لــە بەرامبــەر تیــرۆر و تیرۆرســتان. بەهیـوای ئـەوەی سـود بەخـش بێـت.

ڕێکەوت ئیسماعیل ئیبراهیم
سەرپەرشتیاری زنجیرە

# یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕەهەندەکانی جەنگی جیهانیی دژ بە تیرۆر

لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١دا فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری ئەمریکایی لە شاری نیوویۆرك خۆی بە تەلاری سەنتەری بازرگانیی جیهانیدا کێشا. پاش ١٨ خولەکی تر فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگری تر خۆی بە تەلاری دووەمی سەنتەری بازرگانیی جیهانیدا کێشا. هەردوو ڕوداو بونە هۆی هەرەسهێنانی هەردوو تەلار. دوا بەدوای ئەمە، فڕۆکەیەکی تر خۆی بە بارەگای وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا کێشا، فڕۆکەیەکی تریش لە ویلایەتی پەنسلڤانیا تەقییەوە. دەمودەست پاش ئەم چوار ڕوداوە، باری نائاسایی لە سەرانسەری ئەمریکا ڕاگەیەنرا و هێزەکانی ئەمریکا خرانە دۆخی ئامادەباشییەوە. بە هەڵەداوان سەرۆکی ئەمریکا و سەرکردەکانی کۆنگرێس گوێزرانەوە بۆ شوێنی دور لە مەترسی و سەرتاسەری ئاسمانی ئەمریکا و سنور لەگەڵ مەکسیك و کەنەدا داخرا. هەر لەم چوارچێوەیەشدا

هەمــوو ئــەو پردانــە داخــران کــە دورگــەی مانهاتــن بــە نیوویــۆرك و نیووجێرســییەوە دەبەســتنەوە، بۆرســەی نیوویــۆرك ڕاگیــرا و پەیــام بــۆ هەمــوو باڵیۆزخانەکانــی ئەمریــکا لــە سەرانســەری جیهــان نێــردرا کــە وریــا بــن و ئامــادەکاری بــۆ ڕووبەڕووبونــەوەی هــەر هێرشــێك بکــەن.

لــەو ئاپــۆرە و جەنجــاڵ و سەرلێشــێواوییەدا، بــارەگای نەتــەوە یەکگرتــووەکان لــە نیوویــۆرك داخــرا و کۆبونەوەکانــی کۆمەڵــەی گشــتیی نەتــەوە یەکگرتــووەکان بــۆ کاتێکــی نادیــار هەڵگیــران.

هەمــوو ئــەو هێرشــانەی لــەو ڕۆژەدا ڕویــان دا، بــە فڕۆکــەی ئەمریکــی ئەنجــام دران و هیــچ دەوڵەتێــك دەســتی تێــدا نەبــوو، هەمووشــی بــە شــێوەی هێرشــی خۆکــوژی و بــە لاســاییکردنەوەی هێرشــە کامیکازییەکانی فڕۆکەوانــە ژاپۆنییەکانــی جەنگــی دووەمــی جیهــان ئەنجــام دران. هەمــوو ئــەو فڕۆکانــەی هێرشــەکانیان پــێ ئەنجــام درا، فڕۆکــەی نەفەرهەڵگــری ئەمریکایــی بــون و ســەر بــە دوو کۆمپانیاکــەی ئەمەریــکان ئێرلاینــز و یونایتــد ئێرلاینــز بــون و لــە گەشــتی ناخۆییــدا بــون. کــردەوە تیرۆریســتییەکانی ئــەو ڕۆژە ٢٩٧٧ کوژراویــان لــێ کەوتــەوە و زیانێکــی زۆریــان لــە ئابوریــی ئەمریــکا دا.

❊❊❊

سـەرۆکی ئەمریـکا جـۆرج بۆشـی کـوڕ بـە پەلەپـورزێ گوێزرایـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر و هـەر ئـەو ڕۆژە دوو جـار لـە تەلەفزیـۆن دەرکـەوت و دوو وتاری کورتی خوێنـدەوە. وتاری یەکەمـی لـە ویلایەتـی فلۆریـدا و ئـەوی تـری لـە شـوێنێکی نادیـار خوێنـدەوە و هاووڵاتییانـی لـەوە ئـاگادار کـردەوە کـە ئەمـڕۆ وڵات ڕوبـەڕوی هێرشـی تیرۆریسـتی بـووە و بەڵێنـی دا کـە ئەنجامدەرانـی ئـەو کردەوانـە بدۆزێتـەوە و بـە سزایان بگەیەنـێ.

دوو وتارەکـەی بـۆش وردەکارییـان تێـدا نەبـوو و جگـە لـەوەی کـە کردەوەکانـی بـە کـردەوەی تیرۆریسـتی ناسـاند، نـاوی هیـچ دەوڵـەت و ڕێکخـراو و کەسـێکی نەهێنـا و هیـچ زانیارییەکـی نەخسـتە بەرچـاو. ئەمـە بـەم واتایـە دێ کـە ئەمریکییـەکان، تـا ئـەو کاتـە، سـەرچاوەی هێرشـەکانیان لـە لا ڕون نەبـوو و سـەرقاڵی لێکۆڵینـەوە بـون.

لـە ١٢ی ئەیلولـدا بـۆش لـە وتارێکـی تێروتەسـەلدا بـۆ گەلـی ئەمریـکا وتـی ئـەو کردەوانـە «گەورەتریـن کاری تیرۆریسـتین کـە ئەمریـکا دوچـاری بـووە». هەرچەنـد ئـەو وتـارەش زۆر سـەرپێیی بـوو و وردەکاریـی تێـدا نەبـوو، بـەڵام بـە بـەراورد لەگـەڵ دوو وتـارە کورتەکـەی پێشـوو، ئامـاژەی ڕونتـری تێـدا بـەدی دەکـرێ. وتارەکـە «تیرۆریسـتە ئەنجامـدەرەکان»ی بـە لایەنـی جێبەجێـکار

دانــاوە و ئامــاژەی بــە لایەنــی دووەمیــش کــردووە کــە تیرۆریســتەکانی داڵــدە داوە و هــەردوو لایەنــی تێــوەگلاوی ئۆپەراســیۆنەکەی بــە یــەك لایــەن ئەژمــار کــردووە و وای دەربڕیــوە کــە «تیرۆریســتە ئەنجامدەرەکانــی ئۆپەراسـیۆنەکان لەوانـە جیـا ناکاتەوە کـە دەیانپارێـزن و داڵدەیـان داون». ئەمـە نیشـانی دەدا کـە کاربەدەسـتە ئەمریکییـەکان لـە سـەروبەندی وتاری سـێیەمی جـۆرج بۆشـدا تێڕوانینێکـی ڕۆشـنتریان سـەبارەت بـە ڕوداوەکان گەڵاڵـە کـرد بـوو و نزیـك بـون لـەوەی کـە دڵنیـا بـن کـە هێرشـەکان جـێ پەنجـەی ڕێکخـراوی قاعیدەیـان پێـوە دیـارە و پلانەکـەش لـە لایــەن ئوســامە بــن لادنــەوە دانــراوە و تالیبانیــش داڵــدەی ئــەو و ڕێکخراوەکــەی داوە.

ڕێکخـراوی قاعیـدە لای ئەمریکییـەکان ڕێکخراوێکی نامـۆ نەبـوو. ریشـەی ڕێکخراوەکـە بـۆ ئـەو سـەردەمە دەگەڕێتـەوە کـە تێیـدا جیهادییـەکان لـە ئەفغانسـتان دژی سـوپای سـۆڤێت و حکومەتـی کۆمۆنیسـت خەباتی چەکداریـان دەکـرد. بـن لادن یەکـێ لـە جیهادییـەکان بــوو لــە ئەفغانســتان، بــەڵام زۆر لــەوێ نەمایــەوە، پـاش کشـانەوەی هێزەکانـی سـۆڤێت لـە ئەفغانسـتان، بـن لادن ئەفغانسـتانی بەجـێ هێشـت و گەڕایـەوە

بـۆ سـعودیە. لـە سـاڵی ١٩٨٨دا بـن لادن و هاوڕێکانـی ڕێکخـراوی قاعیدەیـان دامەزرانـد کـە لـەو کاتـەدا ئەرکـە سـەرەکییەکەی ناردنـی خۆبەخشـە جیهادییـەکان بـوو بـۆ ئەفغانسـتان. دەشـێ لـەو قۆناغـەدا جـۆرە هەماهەنگییەك لــەم بارەیــەوە لەگــەڵ ئەمریکییــەکان هەبــوو بــێ، بەتایبەتــی کــە دەزگای هەواڵگریــی ئەمریــکا (ســیا) لەچوارچێـوەی ئۆپەراسـیۆنی « گەردەلـول» دا بودجەیەکـی زۆری بـۆ ناردنـی جیهادییـەکان بـۆ ئەفغانسـتان تەرخـان کـرد بـوو.

لـە سـاڵی ١٩٩٠دا دوا بـە دوای هێرشـی عیـراق بـۆ سـەر کوێـت و داگیرکردنـی، پاشـای سـعودیە فەهـدی کـوڕی عەبدولعەزیـز ڕێـی بـە هێزەکانـی ئەمریـکا دا لـە خاکـی سـعودیە جێگیـر بـن و ئەرکـی پاراسـتنی سـعودیە لـە ئەسـتۆ بگـرن. بـن لادن دژی داگیرکردنـی کوێـت بـوو لـە لایـەن عیراقـەوە، بـەڵام دژی ئـەوەش بـوو کـە هێزەکانـی ئەمریـکا لـە خاکـی سـعودیە جێگیـر بـن، چونکـە پێـی وابـوو بەمـە خاکـی پیـرۆز گلاو دەکـەن. ئـەم هەڵوێسـتە کۆتایـی بـە پەیوەندیـی دۆسـتانەی بـن لادن و ڕژێمـی سـعودیە هێنـا. لـە سـاڵی ١٩٩٢دا بـن لادن سـعودیەی بەجـێ هێشـت و لـە سـودان گیرسـایەوە. لـەوێ پـەرەی بــە ڕێکخــراوی قاعیــدە دا و تەونــی پەیوەندییەکانــی

فـراوان کـرد و کـردی بـە ڕێکخراوێکـی جیهادیـی جەنـگاوەری سـنوربڕ. لـە سـاڵی ١٩٩٣دا پـاش ئـەوەی سـعودیە پشـتیوانیی لـە ڕێککەوتننامـەی ئۆسـلۆ لـە نێـوان فەلەسـتینییەکان و ئیسـرائیل کـرد، بـن لادن دژی ڕێککەوتننامەکـە وەسـتایەوە و ڕەخنـەی تونـدی لـە سـعودیە گـرت کـە پشـتیوانیی لـێ کـردووە. لـە سـاڵی ١٩٩٦دا پـاش ئـەوەی بزوتنـەوەی تالیبـان دەسـتی بەسـەر ئەفغانسـتاندا گـرت، بـن لادن سـودانی بەجـێ هێشـت و لـەوێ گیرسـایەوە. هـەر ئـەو سـاڵە بـە نـاوی ڕێکخـراوی قاعیـدەوە جیهـادی لـە دژی ئەمریـکا ڕاگەیانـد. دوا بـەدوای ئەمـە، قاعیـدە لـە هەمـان ساڵدا یەکـەم ئۆپەراسـیۆنی دژی ئەمریـکا لـە سـعودیە ئەنجـام دا، ئەویـش بـە تەقاندنـەوەی تاوەرەکانـی خوبـەر لـە سـعودیە کـە سـەرەنجامەکەی کوژرانـی ١٩ سـەربازی ئەمریکایـی بـوو. لـە سـاڵی ١٩٩٨دا بـن لادن لەگـەڵ سـەرکردەی ڕێکخـراوی جیهـادی ئیسـلامیی میسـر ئەیمـەن زەواهیـری بەرەیەکـی بـە نـاوی بـەرەی ئیسـلامیی جیهانیی لە دژی جولەکە و خاچپەرسـتەکان پێکهێنـا و لـە سەرتاسـەری جیهانـدا جەنگـی لـە دژی ئەمریـکا ڕاگەیانـد و چەنـد کردەوەیەکـی تیرۆریسـتیی ئەنجـام دا لەوانـە تەقاندنـەوەی هـەردوو باڵیۆزخانـەی

ئەمریـکا لـە کینیـا و تانزانیـا.

لـەم گێڕانـەوە کورتـەدا دەردەکـەوێ کـە ئەمریکییـەکان لـە رێکخـراوی قاعیـدە و بـن لادنیـان رادەبینـی دەسـتی لــە هێرشــەکانی واشــنتۆن و نیوویۆرکــدا هەبــێ و لــە وتارەکـەی جـۆرج بۆشـیش کـە بـە تۆنێکـی پـڕ دڵنیایـی نوســراوە، هەســت دەکــرێ ئەمریکییــەکان دوژمنــە ناونەبراوەکەیـان چـاك دەناسـن و دەشـزانن لـە کوێیـە و کێــش داڵــدەی داوە.

لــە ١٢ی ئەیلولــدا مەکتەبــی سیاســیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــە بەیاننامەیەکــی فەرمیــدا هێرشـەکانی سـەر واشـنتۆن و نیوویۆرکـی سەرزەنشـت کرد و بـە « کـردەوەی تاوانبـار» نـاوی بـردن و داوای «سـزادانی تونـد»ی ئەنجامدەرەکانـی کـرد. هــەر ئــەو رۆژە میدیـای یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەسـتی بـە روماڵکردنـی تــەواوی رووداوەکــەی لــە هەمــوو رویەکــەوە کــرد.

یەکــەم تاوتــوێ کــە لــەم بارەیــەوە لــە رۆژنامــەی «کوردســتانی نــوێ« بڵاوکرایــەوە، کاوە محەمــەد جێگــری سەرنوسـەر، بـە ناونیشـانی «دوای تەقینەوەکانـی ئەمریکا، چــی لــە واشــنتۆن چــاوەڕێ دەکــرێ؟» نوســی بــووی. نوســەر پــاش گێڕانــەوەی رووداوەکــە، سەرســوڕمانی لــە رووداوەکـە دەردەبـڕێ و دەڵـێ «رەنگـە پێـش روودانـی ئـەو

هێرشـانە، پێشـبینیکردنی ڕوداوێکـی وا گـەورە، نـەك تەنهـا بـۆ ئەمریـکا، بەڵکـو بـۆ سەرانسـەری جیهـان مەحـاڵ بـوو بـێ و هـەر لـە فیلمـە وروژێنەرەکانـی هۆلیـوود ببینرایـە». نوسـەر لەبـەر گەورەیـی ڕوداوەکـە، بـە ئەسـتەمی زانیـوە پێشـبینیی دەرهاوێشـتە و لێکەوتەکانـی ڕوداوەکـە و کاردانـەوەی ئەمریـکا بکـرێ. تاوتوێکـە ئـەوە بەبیـری خوێنـەر دێنێتـەوە کـە ئەمریـکا لـە سـاڵی ١٩٤١دا، لـە گەرمـەی جەنگـی دووەمـی جیهانـدا، هێرشـێکی هاوشـێوەی هێرشـەکەی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١ی بـە خۆیـەوە دیـوە، کاتێـك هێـزی ئاسـمانیی ژاپـۆن، کتوپـڕ، هێرشـی کـردە سـەر بنکـەی دەریایـی پێـرل هاربـەر لـە هـاوای لـە ئۆقیانوسـی پاسـفیك و لـە سـەرجەمی ٤٠٢ فڕۆکـەی نیشـتووی بنکەکـە، ١٨٨ فڕۆکـەی تێکشـکاند. تـا ئـەو کاتـە ئەمریـکا هێشـتا خـۆی سـاغ نەکـرد بـۆوە کـە ئاخـۆ لـە جەنگـدا بـە بێلایەنـی دەمێنێتـەوە یـان پشـتیوانی لـە بـەرەی ئەڵمانیـا و ئیتالیـا و ژاپـۆن دەکات، یـان دەچێتـە ریـزی بریتانیـا و فەرەنسـا و یەکێتیـی سـۆڤێت. هێرشـی کتوپـڕی ژاپـۆن بـۆ سـەر بەنـدەری پێـرل هاربـەر لـە هـاوای، بـە خێرایـی، ئەمریـکای پەلکێـش کـرد بـۆ جەنـگ. پـاش چەنـد ڕۆژێـك لـە

هێرشـەکە، سـەرۆکی ئەمریـکا فرانکلیـن روزڤەلـت، پـاش وەرگرتنـی رەزامەندیـی کۆنگرێـس، جەنگـی لـە دژی ژاپـۆن و هاوپەیمانەکانــی راگەیانــد.

لــە سـەروبەندی هەڵایسـانی جەنگـی جیهانیـی دژی تیـرۆردا، شـەقام لـە کوردسـتاندا کـە لـە بنەڕەتـدا شـەقامێکی سیاسـەتوان و وریـا و هۆشـیارە سـات بـە سـات چاودێریـی رەوتـی رووداوەکانـی دەکـرد. لـە ئێـوارەی ١٢ی ئەیلولـدا ئێزگـەی دەنگـی گەلـی کوردسـتان لـە رێـی پەیوەندیـی تەلەفۆنییـەوە، لێدوانـی لـە دوو ئەندامـی سـەرکردایەتیی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان وەرگـرت کـە ئەوانیـش سـەعدی ئەحمـەد پیـرە و فەریـد ئەسەسـەرد بـوون. ئـەم دوو لێدوانـە یەکـەم دوو لێدوانـی فەرمیـن کـە گوزارشـت لـە را و بۆچونـی حـزب دەکـەن. لـە شـرۆڤەکەیدا بـۆ هێرشـەکانی سـەر نیوویـۆرك و واشـنتۆن، پیـرە وتـی «لێکدانـەوەی جیـاواز بـۆ ئـەم روداوە هەیـە. یەکـێ لـەو لێکدانەوانـە وای دادەنـێ کـە ئەمـە جەنگـی سـێیەمی جیهانـە. لێکدانـەوەی تـر هەیـە وای دانـاوە کـە ئەمـە شـەڕی نێـوان شارسـتانێتییەکانە». پیـرە لـە درێـژەی شـرۆڤەکەیدا وای بـۆ دەچـێ کـە روداوەکـە بـە «روداوێکـی مێژویـی» ئەژمـار دەکـرێ و بـە دوری نازانـێ ئـەو روداوە دەسـتی دەوڵەتێـك یـان زیاتـری تێـدا بـێ

«چونکە پێداویستییەکانی ئەنجامدانی کارێکی وا، بە ئیماکانیاتی دەوڵەت نەبێ، ئەستەمە ئەنجام بدرێ». لە وەڵامی پرسیارێکیشدا دەربارەی کاردانەوەی ئەمریکا، وتی «ڕەنگە وا پێویست بکا ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی، وەك لە پێشنیارەکانی هەر یەك لە سوید و فەرەنسا دەردەکەوێ، کۆ ببێتەوە و پێکەوە سیستمێکی نوێ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دابنێن». هەروەها وتی پێویستە ئەم هێرشە لێکۆڵینەوەی وردی بۆ بکرێ، هەرچەند ئەمە یەکەم جارە ئەمریکا «توشی هێرش و زیانی لەو جۆرە بێ»، هەروەها وتی «هێرشکردنە سەر سەنتەری بازرگانیی جیهان لە نیوویۆرك کاریگەریی زۆری لەسەر ئابوریی ئەمریکا و ئەوروپا و وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێ».

سەبارەت بە کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر بەو دەوڵەت و گروپانەی دەستیان لە هێرشەکاندا هەیە، پیرە وتی هێرشەکان نیشانیان دا کە ڕێکارەکانی ئەمریکا، لەوانە سەپاندنی سزا و ئابڵوقە، بەس نین و پێویست بەوە دەکا کە لەمەولا ئەو گروپانە پۆلێن بکات کە دەشێ دەستیان لەم جۆرە کارانەدا بێ. پیرە نەیشاردەوە کە کەس نازانێ کاردانەوەی

ئەمریـکا چـۆن دەبـێ.

لــە پەیوەندییەکــی تــری تەلەفۆنیــدا لەســەر هەمــان بابــەت، فەریــد ئەسەســەرد لــە وەڵامــی پرســیارێکدا ســەبارەت بــەوەی کــە چ لایەنێــك قازانــج لــەو بارودۆخــە دەکات و دەیــەوێ بــۆ بەرژەوەندیــی خــۆی بیقۆزێتــەوە وتــی «ئــەم کارە کارێکــی تیرۆریســتییە. ئەنجامدەرەکانــی ئــەم کارە بیــر لــە قازانــج ناکەنــەوە، چونکــە ئەمانــە یــەك ئامانجیــان هەیــە، ئەویــش خوڵقاندنــی بارودۆخێکــی پــڕ تــرس و دڵەڕاوکــێ و نیگەرانییــە، یــان مەبەســتییان تۆڵەســەندنەوەیە. بۆیــە، مــەرج نیــە ئــەو لایەنــەی ئــەم کارەی ئەنجــام داوە، بــە وردی بیــری لــە لێکەوتەکانــی کردبێتــەوە. ئــەو لایەنــەی دەســتی لــەم کارەدا هەیــە، وای دەبینــێ کــە سەرتاســەری جیهــان مەیدانــی جەنگــە دژی ئەمریــکا». ســەبارەت بــە کاردانــەوەی ئەمریــکاش، وتــی رای گشــتی لــە نــاو ئەمریــکا توونــدە «بۆیــە کاردانــەوەی ئەمریــکاش بــە هەمــان شــێوە تونــد دەبــێ» و شــیکردنەوەکەی لــەوەدا چڕکــردەوە کــە «ئەنجامــی ئــەم کارە لــە بەرژەوەندیــی ئەوانــەدا نابــێ کــە لــە پشــت ئــەم کارەوەن».

لــە ١٤ی ئەیلولــدا ئەنجومەنــی پیرانــی ئەمریــکا، بــە تێکــڕای دەنــگ، ســەرۆکی ئەمریــکای سەرپشــك کــرد

لـە گـورز وەشـاندن لـەو لایەنانـەی کـە دەسـتیان لـە هێرشـەکانی واشـنتۆن و نیوویۆرکـدا هەیـە. هەمـان ڕۆژ سـەرۆکی ئەمریـکا ڕەزامەندیـی لەسـەر داوای پەنتاگـۆن سـەبارەت بـە بانگهێشـتکردنی پەنجـا هـەزار سـەربازی یـەدەك پەسـند کـرد. بەپێـی ڕاپۆرتـەکان، پلانەکـە وابوو کـە سـەربازە یەدەکـەکان بـۆ پاراسـتنی فڕۆکەخانەکان و ئەنجامدانـی کاروبـاری فریاگـوزاری و بەرگریـی مەدەنـی بـەکار بهێنرێـن. لـەم سـەروبەندەدا هـەر یـەك لـە ئوسـترالیا، بریتانیـا، ژاپـۆن و هیندسـتان ئامادەییـان بـۆ هاوکاریکردنـی ئەمریـکا لـە ڕوی عەسـکەرییەوە دەربـڕی، بـەڵام واشـنتۆن، تـا ئـەو کاتـە، هیـچ شـتێکی دەربـارەی پلانەکانـی دەرنەبـڕی بـوو.

یەکـەم ئامـاژەی ڕون بـۆ ئەگـەری تێوەگلانـی ئوسـامە بـن لادن و ڕێکخـراوی قاعیـدە و تالیبـان لـە هێرشـەکاندا، لـە ١٤ی ئەیلولـدا لـە ڕاگەیەندراوێکـی سـەرچاوە دادوەرییەکانـی ئەمریـکادا دەبینـرێ کـە تێیـدا نـاوی ١٩ کـەس هاتـووە کـە ڕەگەزنامـەی وڵاتـە عەرەبییەکانیـان هەیـە و تۆمەتبـارن بـە ڕفاندنـی ئـەو چـوار فڕۆکـە نەفەرهەڵگـرەی کـە لـە کـردەوە خۆکوژییەکانـدا بەکاریـان هێنـاون. لـە ڕاگەیەندراوەکـەدا هاتبـوو کـە بیـر بـۆ ئـەوە دەچـێ کـە

رفێنەرەکانــی فڕۆکــەکان ســەر بــە رێکخــراوی قاعیــدە بــن و پەیوەندییــان بــە ئوســامە بــن لادنــەوە هەبــی کــە لــە ئەفغانســتان نیشــتەجێیە. بــەم شــێوەیە، وردە وردە ڕەوتــی رووداوەکان بــەرەو ئــەوە هەنــگاوی نــا کــە ئەمریــکا بڕیــار لەســەر پاکتاوکردنــی رێکخــراوی قاعیــدە و هێرشــکردنە ســەر ئەفغانســتان بــدا.

لــە بەرامبــەردا بزوتنــەوەی تالیبــان کــە فەرمانڕەوایــی ئەفغانســتانی دەکــرد، نکوڵیــی لــەوە کــرد کــە پەیوەندیــی بــە هێرشــەکانەوە هەبــێ و ئەوەشــی ڕەتکــردەوە کــە ئوســامە بــن لادن و رێکخراوەکــەی دەســتیان تێدایــە.

هەرچەنــد پێشــهاتەکان گوزارشــتیان لــەوە دەکــرد کــە جەنگێــك بەڕێوەیــە، بــەڵام هێشــتا ئــەم مەســەلەیە بــە تــەواوی بــە لایەکــدا نەکەوتبــوو. بــە شــێوەیەکی گشــتی، هەمــوو بــژاردە ســەختگیرەکان، بــە بــژاردەی جەنگیشــەوە، لەبەرچــاو بــون. تاکــە مەســەلە کــە گومانــی هەڵنەدەگــرت، ئــەوە بــوو کــە ئەمریکاییــەکان دەستەوەســتان ناوەســتن و هەمــوو شــتێك بــۆ دەســتەبەرکردنی ئاسایشــی نەتەوەیــی خۆیــان دەکــەن. ســەرکردایەتیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــەو گۆشــە نیگایــەوە لــە رووداوەکانــی ١١ی ئەیلولــی دەڕوانــی کــە لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتــی، رووداوەکان خاڵێکــی وەرچەرخــان دەبــن و جیهانــی پــاش

١١ی ئەیلول جیهانێکی جیاواز و پڕ گۆڕانکاری دەبێ کە ئەمەش پێویست بە خۆئامادەکردنی پێشوەخت دەکا، هەروەك پێویست بە هەماهەنگی لەسەر بەرزترین ئاست لە نێوان دوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دەکات.

لە ١٥ی ئەیلولدا شاندی مەکتەبی سیاسیی هەردولا، لەسەر داوای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام کۆبونەوە. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکهاتبوو لە عومەر سەید عەلی، عەدنان موفتی، دکتۆر کەمال فوئاد و سەعدی ئەحمەد پیرە. هی پارتیش پێکهاتبوو لە جەوهەر نامق، زەعیم عەلی، هۆشیار زێباری، ئازاد بەرواری و ڕەمزی شەعبان. هەردولا لە کۆبونەوەکەدا بە لێك تێگەیشتنێکی تەواو گەیشتن و بڕیاریان دا بەرزترین ئاستی هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەبێ. کۆبونەوەکە بەیاننامەیەکی هاوبەشی لێ کەوتەوە. لەبەر گرنگیی بابەتە تاوتوێکراوەکان، مەسعود بارزانی ئامادەی بەشێکی کۆبونەوەکە بوو.

لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەدا جیهان چاوەڕێی

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی ئەمریکای دەکرد. لە ١٥ی ئەیلولدا، واشنتۆن بابەتەکەی بە لایەکدا خست. سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بۆش، لە کامپ دێڤد، لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییدا، بە ئامادەبونی وەزیرانی بەرگریو داد و دەرەوە و ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی و لێپرسراوانی دەزگای هەواڵگری (CIA) و دەزگای لێکۆڵینەوەی فیدراڵ (FBI) ڕایگەیاند کە لە کەیسی هێرشەکانی واشنتۆن و نیوویۆرکدا، بن لادن گومانلێکراوی سەرەکییە و هەڕەشەی کرد کە بن لادن و ئەوانەی پشتیوانیی لێ دەکەن بە سزای ڕەوای خۆیان دەگەن. لێرە بەدواوە، چیتر پێشبینیکردنی کاردانەوەی ئەمریکا کارێکی قورس نابێ.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان سەرقاڵی زەمینە خۆشکردن بو بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەرامبەر بە پێشهاتە نێودەوڵەتییەکان. لە ١٧ی ئەیلولدا بە دەستپێشخەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان کۆبونەوەیەکی ڕاوێژکارانەی بۆ بیروڕا گۆڕینەوە دەربارەی ڕەوتی ڕوداوەکان پاش هێرشەکانی ١١ی ئەیلول لەگەڵ ١٣ لایەنی سیاسی ڕێکخست کە تێیدا لێکەوتەکانی ئەو ڕوداوە و

ئەگەرە چاوەڕوانکراوەکان تاوتوێ کران. کۆبونەوەکە سەرزەنشتی تیرۆریزمی کرد و هاوخەمیی خۆی بۆ گەلی ئەمریکا و کەسوکاری قوربانییەکان دەربڕی، هەروەك بە بۆنەی تێپەڕبونی سێ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی واشنتۆندا، جەختی کردە سەر پێویستیی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکە و سەقامگیرکردنی پرۆسەی ئاشتی.

دوا بەدوای لێدوانەکانی جۆرج بۆش لە کامپ دێڤد، گومان لەوەدا نەما کە ئەمریکا لە کۆششەکانیدا بۆ لەناوبردنی کوانووەکانی تیرۆر، خۆی بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان ساز دەدا. لەم ڕووەوە دك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا ڕایگەیاند کە هیچ گومان لەوەدا نیە کە بن لادن و ڕێکخراوەکەی دەستیان لە هێرشەکانی واشنتۆن و نیوویۆرکدا هەیە. ئەوەشی وت کە لەناوبردنی تیرۆر کاتێکی زۆری دەوێ و لەوانەیە چەند ساڵێك بخایەنێ. بە نۆرەی خۆی وەزیری بەرگریش دۆنالد رامسفیلد وتی ئەمریکا جگە لە گورز وەشاندن لەو وڵاتانەی کە تیرۆریستەکان داڵدە دەدەن، هیچ ڕێگایەکی تری لە بەردەمدا نیە.

هەندێ لە راپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان زێدەڕۆییان

لــە هەڵســەنگاندنی کاردانەوەکانــدا کــرد و پێشــنیاریان کــرد قەڵەمــڕەوی گــورزە ئاســمانییەکان هــەر ئەفغانســتان نەگرێتــەوە، بەڵکــو وڵاتــی تریــش بگرێتــەوە لەوانــە یەمــەن، لوبنــان و ســودان.

داڕێژەرانــی ســتراتیجی ئەمریــکا دەیانزانــی پاکســتان لــە پلانەکانیانــدا پێگەیەکــی بەهێــزی هەیــە و لاشــیان رون بــوو کــە پاکســتان، لــە کاتــی جەنگــی ناوخــۆی ئەفغانســتاندا، گەورەتریــن پاڵپشــتی بزوتنــەوەی تالیبــان بــووە و بزوتنــەوەی تالیبــان بەبــێ پشــتیوانیی دامــەزراوەی ســوپایی پاکســتان، نەیدەتوانــی ســەرکەوتن بەدەســت بێنــێ. لەبــەر ئــەوە نەدەکــرا گرنگیــی پاکســتان لــە پرۆســەکەدا فەرامــۆش بکــرێ. هــەر بــە هــۆی ئەمــەوە، ئەمریکاییــەکان زوو کەوتنــە دانوســتان لەگەڵ پاکســتان بۆ دیاریکردنــی شــێوەی پشــتیوانیی لــە جەنگــی دژی تیــرۆر. ئەمریکاییــەکان ئومێدیــان لەســەر ئــەوە هەڵچنــی بــوو کــە پاکســتان فشــار بــۆ تالیبــان بێنــێ بــۆ ئــەوەی رازی بــێ بــە رادەســتکردنی ئوســامە بــن لادن بــۆ دادگاییکردنــی. بــەڵام فشــارەکان هیــچ ئەنجامێکیــان نەبــوو. بــن لادن، بــە نۆرەی خــۆی، رەتــی کــردەوە کــە پەیوەندیــی بــە هێرشــەکانی واشــنتۆن و نیوویۆرکــەوە هەبــێ، تالیبانیــش فشــارەکانی رەتکــردەوە و بڕیــاری بەرگریــی دا. لــەم ســۆنگەیەوە

ئەمریکا هەر ئەوەی بۆ مایەوە کە بەردەوام بێ لەسەر خۆتەیارکردن بۆ هێرشکردنە سەر ئەفغانستان.

هەڵایسانی جەنگی جیهانیی دژی تیرۆر لێی رادەبینرا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لە کوردستاندا هەبێ، بەتایبەتی کە ڕێکخراوی قاعیدە لە ڕێی گروپی جوندولئیسلامەوە پوازێکی لە هەوراماندا پەیدا کرد بوو. لە ٢٠ی ئەیلولدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵمەتێکی هۆشیارکردنەوەی بۆ ڕونکردنەوەی مەترسییەکانی تەشەنەکردنی دیاردەی توندڕەوی و تیرۆریزم دەست پێ کرد. لە کۆبونەوەی لەگەڵ هاووڵاتییانی تاوەگۆزی، مام جەلال بە ئامادەبونی عومەر فەتاح و شەوکەت حاجی موشیر و مەحمود عەبدولڕەحمان عەبدولقادر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی لە قەڵاچوالان، گروپی جوندولئیسلامی بە «تاقمێکی سەرلێشێواو» ناو برد و بەڵێنی دا کە «چیتر نایەڵێ ئارامگای شێخانی نەقشبەندی لە تەوێڵە و بیارە لە ژێر قاچیاندا بێ».

لە ئەوجی خۆسازدانی ئەمریکادا بۆ جەنگ، سەرۆکی ئەمریکا لە یەکێ لە وتارە بەراییەکانیدا وتی هەڵمەتەکەی بۆ سەر ئەفغانستان ناو دەنێ هەڵمەتی دادپەروەریی ڕەها. لە ٢٢ی ئەیلولدا

مەحمود مەلا عیززەت سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» لە وتارێکی رادەربڕیندا کە لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە بڵاوکرایەوە، هەمان دەستەواژەی سەرۆکی ئەمریکای بەکارهێنا و وای دەربڕی کە جەنگی دادپەروەریی رەها «جیهان دەخاتە ناو شەڕێکی سنور فراوانەوە» و وێنەیەکی ترسناکی بۆ جەنگی ئەفغانستان کێشا کە تێیدا ئەمریکا بە کەمتر لە سەرکەوتنی تەواو رازی نابێ تا ئەو ئەندازەیەی کە بۆ تێکدانی چادرێکی دە دۆلاری، ئامادەیە موشەکێکی دوو ملیۆن دۆلاری بەکار بهێنێ، تەنانەت بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتن و یەکلاکردنەوەی شەڕەکە، وەك چۆن لە ساڵی ١٩٤٥دا، لە شەڕی لەگەڵ ژاپۆن، هەردوو شاری هێرۆشیما و ناکازاکیی دایە بەر بۆمبی ئەتۆم، ئەمجارەش لە ئەفغانستان، ئەگەر پێویستی کرد، سڵ لە بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆم ناکاتەوە.

گوتاری بەرپرسانی ئەمریکا تا دەهات توندتر دەبوو. سەرۆکی ئەمریکا لە وتارێکی لە کۆنگرێس وتی کاتی جموجوڵی سوپایی دژی تیرۆر نزیك بۆتەوە و داوای لە تالیبان کرد ئوسامە بن لادن و هەموو سەرکردەکانی قاعیدە رادەست بکات و گشت بنکەکانی قاعیدە لە ئەفغانستان دابخات و لە گوتارە ئاگرینەکەیدا داوای

لـە دەوڵەتـان کـرد خۆیـان سـاغ بکەنـەوە کـە لـەم جەنگـەدا یـان لـە بـەرەی ئەمریـکادا دەبـن یـان لـە بـەری تیـرۆردا. لێدوانـە توندەکانـی بەرپرسانی ئەمریـکا ڕۆڵێکـی کاریگەریـان لـە تۆکمەکردنـی بـەرەی دژی تیـرۆردا هەبـوو. دوا بـەدوای ئـەو لێدوانانـە، ئیمـارات کـە لـە پـاڵ سـعودیە و پاکسـتان یەکـێ لـەو سـێ دەوڵەتـە بـوو کـە بـە شـێوەیەکی فەرمـی دانیـان بـە تالیبانـدا نابـوو، ڕایگەیانـد کـە بڕیـاری داوە پەیوەندیـی دیپلۆماتیکیـی لەگـەڵ تالیبـان بپچڕێنـێ. پاکسـتانیش کـە بـە پشـتیوانی سـەرەکیی تالیبـان دەژمێـردرا، هێزێکـی زۆری بـردە سـەر سنوری لەگـەڵ ئەفغانسـتان.

لـەو هەلومەرجـەدا هاوپەیمانیـی ئۆپۆزیسـیۆنی باکـور کـە گەورەتریـن هاوپەیمانیـی چەکـداری دژی تالیبـان بـوو لـە نـاو ئەفغانسـتان، ئامادەیـی بـۆ هاوکاریکردنـی ئەمریـکا دەربـڕی بـۆ ڕوخاندنـی ڕژێمـی تالیبـان، بەتایبەتـی کـە تالیبـان لـە ٩ی ئەیلولـدا، دوو ڕۆژ پێـش ڕوداوەکانـی ١١ی ئەیلـول، توانـی بـوی لە ڕێی دوو نۆکـەرەوە سـەرکردەی هاوپەیمانییەکـە ئەحمـەد شـا مەسـعود تیـرۆر بـکات. ئەمریکییـەکان بەختـەوەر بـون بـە پشـتگیرکردنی هێزێکـی وەك هاوپەیمانیـی باکـور دژی تالیبـان.

لـە ٢٣ی ئەیلولـدا واشـنتۆن بڕیـاری هەڵوەشـاندنەوەی هەمـوو ئـەو سـزا ئابورییانـەی دا کـە سـێ سـاڵ لەمەوبـەر بــە هــۆی تاقیکردنــەوە ئەتۆمییەکانییانــەوە بەســەر هیندســتان و پاکســتاندا ســەپاند بــووی. ئــەم بڕیــارە دابـڕاو نەبـوو لـە ئامادەکاریـی ئەمریـکا بـۆ هێرشـکردنە سـەر تالیبـان. ئامـاژەکان نیشـانیان دابـوو کـە پاکسـتان وازی لـە پشـتیوانیکردنی تالیبـان هێنـاوە و بڕیـاری داوە پشـتیوانی ئەمریـکا بـێ لـە پەلاماردانـی تالیبانـدا. هـەر ئـەو ڕۆژە، هاوپەیمانیـی باکـور پشـتیوانیی بـۆ ئەمریـکا لـە جەنگـی دژی تالیبانـدا دوبـارە کـردەوە. هـاوکات هـەواڵ بــڵاو بــۆوە کــە هاوپەیمانیــی باکــور دەســتی بەســەر ناوچــەی زاریــدا گرتــووە کــە دەوروبــەری ١٠٠ کیلۆمەتــر لــە شــاری مــەزار شــەریفەوە دورە. هــاوکات، دەوڵەتانــی ئەنجومەنــی هاوکاریــی کەنــداو بــە سعودیەشــەوە کــە یەکـێ لـەو سـێ دەوڵەتـە بـوو کـە دانیـان بـە تالیبانـدا نـاوە، لـە کۆبونەوەیانـدا بڕیاریـان دا پشـتیوانی ئەمریـکا بـن لـە جەنگـی دژی تالیبـان و ڕاونانـی ئـەو کەسـانەی کــە لــە تیــرۆری نێودەوڵەتیــدا بەرپرســیارن. تەنانــەت ئێرانیـش، لەسـەر زاری سـەرۆکەکەی، محەمـەد خاتەمـی، ڕایگەیانـد کـە دەخـوازێ هـاوکار بـێ لـە بنبڕکردنـی تیرۆری نێودەوڵەتیــدا.

میدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بایەخەوە دەیڕوانییە ڕەوتی ڕوداوەکان و بەدواداچونی وردی بۆ دەکرد. لە ٢٥ی ئەیلولدا جێگری سەرنوسەری ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» کاوە محەمەد لە وتارێکی رادەربڕیندا، بەراوردێکی لە نێوان گوتاری سیاسیی عیراق لە کاتی قەیرانی کوێتدا و گوتاری سیاسیی تالیبان لە کاتی قەیرانی ئەفغانستاندا کرد و لە بەراوردکردنەکەدا بەو سەرەنجامە گەیشت کە هەردوو گوتار بە شێوەیەکی سەر سوڕهێنەر زۆر لێك دەچن. بەراوردەکە نیشانی دا کە بەغدا لە کاتی قەیرانی کوێتدا سور بووە لەسەر نەکشانەوە لە کوێت و خۆی بەوە هەڵدەکێشا کە یەك ملیۆن چەکداری خۆبەخشی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەمریکاییەکان ئامادە کردووە، لە کاتێکدا کە تالیبان، بە هەمان فیز و بە هەمان تۆن، لەسەر زاری سەرکردەکەی، مەلا محەمەد عومەر، لە قەندەهارەوە بە سێ سەد هەزار چەکداری خۆبەخش گەفی لە ئەمریکا دەکرد. بەپێی وتارەکە «ئەو جەنگە چاوەڕوانکراوەی سەرەتاکەی لە ئەفغانستان دەبێ، پێدەچێ هەر لە ڕۆژانی سەرەتایەوە ئاراستەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەوتۆ وەربگرێ کە دەرفەتی هەڵدانی چادرێکی لە بابەتی

چـادری سـەفوانیش بـۆ تالیبـان نەڕەخسـێنێ». وتارەکـە پێشـبینی دەکا جەنگەکـە «جەنگێکـی سەرتاسـەریی درێژخایـەن» بێ و دەشـێ شـەپۆلەکانی «پـەرە پـێ بدرێـن و پـێ بـە پـێ، بـە ئامانجـی دیکـە بگەیەنرێـن کـە لـە ئەجینـدای جەنگەکـە دایـە».

هێشـتا جەنگـی ئەفغانسـتان دەسـتی پـێ نەکـرد بـوو، کاتێـك لقـی کوردسـتانی ڕێکخـراوی قاعیدە لە کوردسـتان، کـە بـە نـاوی جوندولئیسـلامەوە ناسـراوە، جەنگـی دژی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هەڵگیرسـاند. لـە ٢٤ی ئەیلولـدا هێزێکـی جوندولئیسـلام لـە سـێ قۆڵـەوە هێرشـێکی کتوپـڕ و غافڵگیرانـەی کـردە سـەر بـارەگای فەرماندەیـی هێـزی پێشـمەرگەی شـارەزور لـە گونـدی خێڵـی حەمـە کـە نزیکـەی ١٠ کلیۆمەتـر لـە هەڵەبجـەوە دورە و ژمارەیـەك پێشـمەرگەی کوشـت و ژمارەیەکیشـی بـە دیـل گـرت. دواتـر، دیلـەکان کـوژران و تەرمەکانیـان شـێوێنران. ئـەو بـڕی توندوتیژییـەی کـە جوندولئیسـلام لـە کوشـتنی دیلـەکان و شـێواندنی تەرمەکانـدا نیشـانی دا، کۆمەڵـگای کوردەواریـی تاسـاند و کاردانـەوەی تونـدی شـەقامی لـێ کەوتـەوە. وتارێکـی فەریـد ئەسەسـەرد لـەم بارەیـەوە وا گوزارشـتی لـە روداوەکـە کـردووە کـە چەکدارەکانـی جوندولئیسـلام «نەیانتوانیـوە کۆنترۆڵـی

مەیلە توندڕەوییەکانی ناخیان بکەن و لەم دواییە زیاتر بە لای توندڕەوییەکی سامناکتردا دایانشکاند، بەو بیانووەی کە شەریعەت دەم و دەست و بە زەبری زۆردارەکی، دەسەپێنن و جەنگێکی پیرۆز دژی حزبە عەلمانییەکانی کوردستان هەڵدەگیرسێنن و ئەگەر لەناویشیان نەبن، دەسەڵاتیان پێ لەق دەکەن».

پاش رووداوەکە، مام جەلال لە لێدوانێکدا رایگەیاند کە رێگا نادا کوردستان ببێتە ئەفغانستان و ئەو گروپە چەکدارانەی لە ئەفغانستانەوە هاتوون، جێیان لە کوردستان نابێتەوە و بە لادەر ناوی بردن. هەردوو سەرکردایەتیی سیاسی و عەسکەری لەسەر ئەوە گیرسانەوە کە دەبێ سنورێك بۆ رەفتاری جوندولئیسلام دابنرێ و لەم بارەیەوە پلانێك کە بەسەر چەند قۆناغێکدا دابەش کرا بوو دانرا کە قۆناغی یەکەمی بە وەرگرتنەوەی هەڵەبجە دەستی پێ دەکرد. قەزای هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٩٦ وە لە دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا بوو و هیچ هێزێکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لێ نەبوو. بۆشایی دەسەڵات لە سنوری قەزاکەدا دەرفەتێکی لەباری بۆ سەردەرهێنانی گروپە توندڕەوە

تەکفیرییـەکان پێکهێنـا بـوو. بۆیـە، پـاش تاوتوێکردنـی پلانەکـە، دەسـتوبردی لـێ کـرا و بڕیـار درا هێـز بـۆ هەڵەبجـە و دەوروبـەری بنێـردرێ. لـە ماوەیەکـی کورتـدا، هێزەکانـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان دەسـتیان بەسـەر هەڵەبجـە و عەنـەب و زەمەقیـدا گـرت و هێزەکانـی بزوتنـەوەی ئیسـلامی کشـانەوە بـۆ هەورامـان. ئاژانسـی هەوالـی یونایتـد پرێـس راپۆرتـە هەواڵێکـی تێروتەسـەلی دەربـارەی ئۆپەراسـیۆنەکەی هەڵەبجـە بلاوکـردەوە، تێیـدا هاتبـوو کـە دەشـێ روداوەکـەی خێڵـی حەمـە، جگـە لـە جوندولئیسـلام دەسـتی لایەنـی تـری تێـدا بـێ، هـەروەك ئامـاژەی بـەوەش دابـوو کـە هەنـدێ لـە ئەندامانـی گروپـی جوندولئیسـلام لـە ئەفغانسـتان لـە سـەربازگەکانی ئوسـامە بـن لادن مەشـقیان پـێ کـراوە.

هـەر لـە سـەرەتاوە پێشـبینی دەکـرا ئێرانییـەکان بـە ئۆپەراسـیۆنی هەڵەبجـە ئاسـودە نەبـن. هەڵوێسـتی ئێـران پەیوەندیـی بـە جوندولئیسـلامەوە نەبـوو. ئێـران خۆیشـی خـۆی لـە بـەرەی جیهانیی دژی تیـرۆر دادەنـا و پەیوەندیی، هـەر لـە بەرایـیـەوە، لەگـەڵ بزوتنـەوەی تالیبـان و ئوسـامە بـن لادن گـرژ بـوو، بەتایبەتـی کـە ئیسـلامی تالیبـان و وەهابیزمـی بـن لادن مەرجەکانـی موسـڵمانبون لـە شـیعە دادەماڵـن و شـیعە بـە گومـڕا و لادەر دادەنێـن. هەڵوێسـتی

ئێـران زۆرتـر پەیوەندیـی بـە بزوتنـەوەی ئیسـلامییەوە هەبـوو کـە ئێرانییـەکان لـە کاتـی جەنگـی عیـراق-ئێرانـەوە پەیوەندیـی توندوتۆڵیـان لەگەڵیـدا هەبـوو.

پـاش ئۆپەراسـیۆنی هەڵەبجـە، یەکێتیـی نیشـتمانی کەوتـە گەڕ بـۆ چارەکردنـی لێکەوتەکانی ئۆپەراسـیۆنەکە لەسـەر پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هـەر یـەك لـە ئێـران و بزوتنـەوەی ئیسـلامی.

لــە ٢٦ی ئەیلولــدا ئــازاد جندیانــی لێپرســراوی دەزگای ناوەندیــی ڕاگەیاندنــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــە چاوپێکەوتنێکــدا لەگــەڵ تەلەفزیۆنــی «ســەحەر» وتــی پەیوەندیــی نێــوان یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان و بزوتنــەوەی ئیســلامی پەیوەندییەکـی دوژمنکارانـە نیـە و لـەم ڕووەوە ئاماژەی بـە ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٩٧ی تـاران کـرد کـە بـە سەرپەرشـتیی ئێـران لـە نێـوان هـەردولا واژۆ کـراوە. جندیانــی وتــی «یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان خوازیـارە ئـەو هاوکارییـەی لـە سـاڵانی ڕابـردوو لەگـەڵ بزوتنــەوەی ئیســلامی هەبــووە، بــەردەوام بــێ و بــە هەمـوو لایـەك ئاسایشـی ئـەو ناوچانـە بپارێـزن کـە لــە ئەســتۆی حکومەتــی هەرێمدایــە». ســەبارەت بــە پەیوەندیـی نێـوان حزبەکـەی و ئێـران و کاریگەریـی

روداوەکانــی ئــەم دواییــەی هەڵەبجــە لەســەر ئــەو پەیوەندییانــە، وتــی مێــژوی ئــەو پەیوەندییانــە لانــی کــەم بــۆ ١٥ ســاڵ لەمەوبــەر دەگەڕێتــەوە، بۆیــە ئــەو پەیوەندییانە «بــەو روداوانــە لــەق نابــن» و وای بــۆ چــوو کــە ســەبارەت بــە روداوەکانــی هەڵەبجــە» دیــد و بۆچونــی لێــك نزیــك و هاوبــەش» لــە نێــوان هــەردولادا هەیــە.

لــە ٢٩ی ئەیلولــدا دکتــۆر شــاهۆ ســەعید لــە وتارێکــی رادەربڕینــدا بــە ناونیشــانی « لــە نیوویۆرکــەوە بــۆ خێڵــی حەمــە» کــە لــە رۆژنامــەی «کوردســتانی نــوێ» بڵاوکرایەوە، ســەرنجی داوە کــە دیــاردەی تیرۆر لــە ڕەوتی پەرەســەندنیدا، لەســەر دەســتی قاعیــدە لــە دیاردەیەکــی لۆکالــەوە وەرچەرخــاوە و بۆتــە دیاردەیەکــی جیهانــی و وای بــۆ چووە کــە تیــرۆر «مۆرکێکــی گەردونــی و فۆرمێکــی تەکنەلۆژیــی ئەوتــۆی وەرگرتــووە کــە پریشــکە ترســناکەکانی بــەر هەمــوان و ئەرکــی بەرەنگاریشــی، بەبــێ جیاوازیــی ئایــن و ئایدیــا و شارســتانێتییەکان، بــەر هەمــووان دەکــەوێ». لــە وتارەکەیــدا، شــاهۆ ســەعید لــە میانــەی کۆششــیدا بــۆ شــرۆڤەکردنی مانــای بەجیهانیبونــی تیــرۆر دەڵــێ «ئــەو زنجیــرە کارە تیرۆریســتییەی کــە لــە ١١ی ئەیلولــی ٢٠٠١دا لەوپــەڕی جیهــان، نیوویــۆرك و واشــنتۆنی هەژانــد، لەگەڵ ئــەو قەســابخانە ترســناکەی کــە لــە ٢٤ی هەمــان مانــگ،

لەم پەڕی جیهان، گوندی خێڵی حەمەی سور کرد، دیمەنی یەك دیاردەی ترسناکی گەردونین. ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە ئوسامە بن لادن لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیدا ناوی لێ نا جیهادی جیهانی دژی کوفر، ئەنجامدەرانی قەسابخانەکەی خێڵی حەمەش ناویان لێ نا جیهاد دژی سکولاریزم». وتارەکە لە باسکردنی بەجیهانیبونی تیرۆردا دەڵێ «تیرۆرکردنی ئەحمەد شا مەسعود نەیاری سەرسەختی تالیبان بە دەستی دوو عەرەبی ئەفغانی، لای خۆشمان هاوکات بوو لەگەڵ داگیرکردنی لەناکاوی تەوێڵە و بیارە لە لایەن تاقمێکی هەڵتۆقیوەوە کە دەستبەجێ دەستی دایە پەیڕەوکردنی چەند نەریتێکی سەختی لە جۆری نەریتەکانی تالیبان». وتارەکە بەجیهانیبونی تیرۆر و شۆڕشی زانیاری پێکەوە گرێ دەدا و وا لەو پەیوەندییە دەڕوانێ کە «بەجیهانیبونی تیرۆر لە سەردەمی بەجیهانیبونی سەرمایە و زانیاریدا، یەکێکە لە دیوە جەهەننەمییەکانی شۆڕشی زانیاری کە نەك تەنها کارئاسانی بۆ پەیوەندیی نهێنیی هەموو تاقم و گروپە تیرۆریستەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەکات، بەڵکو کارئاسانی بۆ دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ و پەیداکردنی زانیاری سەبارەت بە

ترسناکترین پلان و شەیتانیترین فێڵا دەکات».

لە ٣٠ی ئەیلولدا سەروتاری « کوردستانی نوێ» ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تیرۆر «هەڕەشەیەکە نە کەس دەبوێری نە کەسیش دەتوانێ خۆی لێ دور بگرێ»و داوای یەکڕیزیی کرد بۆ لەناوبردنی ئەم دیاردەیە و وتی «دەبێ ئەو ئامانجە ئامانجی هەموومان بێ و بۆ وەدیهێنانیشی تەنها یەك ڕێگای شایستە و کارا هەیە کە ئەویش ڕێی دژایەتیکردنی تا سەری تیرۆر و تیرۆریستانە».

پاش روداوەکەی خێڵی حەمە و شێواندنی تەرمی کوژراوەکان لەلایەن جوندولئیسلامەوە، شەقام دەکولا و تەوژمێکی توڕەیی و رق دژی هەموو گروپە ئیسلامییەکان بەبێ جیاوازی، زاڵ بوو، بە رادەیەك کە ئیسلامگەرای توندڕەو و میانڕەوی لێك جیا نەدەکردەوە. هیچ شتێك گەرەنتیی کاردانەوەی شەقامی بەرامبەر بە گروپە ئیسلامییەکان نەدەکرد. بەلام لە هەمان کاتیشدا رەوا نەبوو تەڕ و وشك پێکەوە بسوتێنرێ. رەوشەکە لە لایەك پێویستی بەوە دەکرد کە شەقام هێور بکرێتەوە و لە هەر کاردانەوەیەکی توندوتیژ و نابەرپرسانە دور بخرێتەوە و لە لایەکی ترەوە پێویستی بەوە دەکرد کە لایەنە ئیسلامییە میانڕەوەکان دڵنیا

بکرێنـەوە کـە ڕێ نـادرێ توندوتیژی شـەقام زیانیـان پـێ بگەیەنـێ و بەرگریشـیان لـێ دەکـرێ. لـە ڕاستیشـدا نیگەرانیـی گروپـە ئیسـلامییە میانـڕەوەکان بـێ بنەمـا نەبـوو.

لــە ٣٠ی ئەیلولــدا مــام جــەلال بــە ئامادەبونــی کۆسـرەت ڕەسـول عەلـی، عومـەر سـەید عەلـی، عومـەر فەتــاح، ســەعدی ئەحمــەد پیــرە و عیمــاد ئەحمــەد لــە قەڵاچــوالان پێشــوازیی لــە دوو شــاندی کۆمەڵــی ئیسـلامی و یەکگرتـووی ئیسـلامی کـرد. شـاندی کۆمــەڵ بــە ســەرۆکایەتیی شــێخ محەمــەد بەرزنجــی پێشـەوای کۆمەڵـی ئیسـلامی و ئەندامەتیـی ئەندامانـی شــورا هــەر یــەك لــە عەبدولڕەحمــان عەبدولڕەحیــم و محەمــەد حەکیــم بــوو، لــە کاتێکــدا کــە شــاندی یەکگرتـوو بـە سـەرۆکایەتیی عەلـی محەمـەد ئەندامـی مەکتەبــی سیاســی و ئەندامەتیــی دکتــۆر محەمــەد ئەحمــەد ئەندامــی یەدەکــی مەکتەبــی سیاســی و شــێخ حەســەن شــێخ عەبدوڵــڵا جێگــری لێپرســراوی مەڵبەنــدی (٥) بــوو.

لــە کۆبونەوەکــەدا هــەردوو حــزب دڵنیــا کرانــەوە کـە بـە هیـچ شـێوەیەك ئازادیـی سیاسییان تەنگەبـەر ناکــرێ و کار بــۆ ئــەوەش دەکــرێ کــە شــەقام لــەوە

تێبگەیەنرێ کە نابێ لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە پرۆسەی سیاسی یەکسان بکرێن بەو لایەنانەی کە دژی پرۆسەی سیاسین و ڕێوشوێنی توندوتیژ و تیرۆریستی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان پیادە دەکەن. بۆ گەرەنتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆبونەوەکە، لیژنەیەکی سێقۆڵی لە نوێنەرانی هەر سێ لایەن لە سنوری هەڵەبجە پێك هێنرا.

لە ١ی تشرینی یەکەمدا «کوردستانی نوێ» سەروتارەکەی بۆ باسکردنی دەرهاوێشتەکانی کۆبونەوە سێقۆڵییەکەی قەڵاچوالان تەرخان کرد و ئاماژەی بەوەدا کە هەردوو شاندی کۆمەڵی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی ناڕەزاییان لە ڕەفتاری جوندولئیسلام نیشان داوە و و سەرزەنشتیان کردووە.

لە ٢ی تشرینی یەکەمدا لیژنەی باڵای ئاشتی لە بارەگای مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پیرمام کۆبۆوە. شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی عومەر سەید عەلی و ئەندامەتیی عیماد ئەحمەد، سەعدی ئەحمەد پیرە، ئازاد جندیانی و ئاسۆ عەلی بوو، هی پارتیش بە سەرۆکایەتیی جەوهەر نامق و ئەندامەتیی عارف تەیفور، بروسك نوری شاوەیس، فەرەیدون جوانڕۆیی

و حەسەن فەقێ ڕەسول بوو. هەرچەند کۆبونەوەکە لە بنەڕەتدا درێژەپێدانی کۆبونەوەکانی پێشتری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردولا بوو، بەڵام پانتاییەکی شایستەی بۆ جەختکردنەوەی هەردولا لەسەر هەماهەنگی بۆ بنبڕکردنی تیرۆر لە کوردستان تەرخان کرد بوو.

لە پاڵ دانانی ستراتیجێکی نیشتمانیی هەمەلایەنەدا بۆ لەناوبردنی تیرۆر، شەوی ٣/٢ی تشرینی یەکەمدا هێزی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنێکی لە چیای شنروێ دەست پێ کرد و دەستی بەسەردا گرت. لە گەرمیانیش مەفرەزەیەکی هەشت کەسیی جوندولئیسلام پاش ئەوەی کە پێنجیان لێ کوژرا و سێ کەسیان لێ دەستگیر کرا، هەڵوەشێنرایەوە.

لە ٥ی تشرینی یەکەمدا مام جەلال لە قەڵاچوالان پێشوازیی لە بروسك نوری شاوەیس و فەرەیدون جوانڕۆیی کرد کە نوێنەرایەتیی لەشکری کوردستانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەکرد و پەیامی مەسعود بارزانییان پێ بوو بۆ هاوکاریی عەسکەری لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆر. لە لایەن فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، هەر یەك لە

شـێردڵ حەوێـزی و سـمکۆ دزەیـی ئامـادەی کۆبونەوەکـە بـون. لـە کۆبونەوەکـەدا بناغەیـەك بـۆ میکانیزمەکانـی هەماهەنگیـی عەسـکەری بـۆ بەرپەرچدانـەوەی تیـرۆر دانرا کـە ئەمـەش هەنگاوێکـی پێشـکەوتوو بـوو لـە پەیوەندیـی نێـوان هـەردولا.

لـە ٦ی تشـرینی یەکەمـدا سـەرۆکی ئەمریـکا جـۆرج بـۆش جارێکـی تـر تالیبانـی ئاگادارکـردەوە کـە کاتێکـی کەمـی بـۆ رادەسـتکردنەوەی بـن لادن و گروپەکـەی مـاوە، دەنـا بەرپرسـیارێتیی ئەنجامـەکان دەکەوێتـە ئەسـتۆی. ئـەم هەڕەشـەیە دواییـن پەیامـی واشـنتۆن بـوو بـۆ رابـەری بزوتنـەوەی تالیبـان. هـەر ئـەو رۆژە، وەزیـری بەرگریـی ئەمریـکا دۆنالـد رامسـفیلد کۆتایـی بـە گەشـتەکەی بـۆ هـەر یـەك لـە میسـر و سـعودیە و عومـان و ئۆزبەکسـتان و تورکیـا هێنـا. دیـارە تـەوەری سـەرەکیی دانوسـتانەکانی لەگـەڵ لێپرسـراوانی ئـەو وڵاتانـە، پەیوەندیـی بـە ئەفغانسـتانەوە هەبـووە. هـاوکات، تۆنـی بلێـر سـەرۆکی وەزیرانـی بریتانیـا، لـە چوارچێـوەی هەوڵەکانـی بـۆ دەسـتەبەرکردنی پشـتیوانیی زۆرتـر بـۆ هەڵمەتـی دژی تیـرۆر، کۆتایـی بـە گەشـتێکی بـۆ روسـیا و پاکسـتان و هیندسـتان هێنـا. ئـەم جموجوڵانـە ئامـاژە بـون بـۆ نزیکبونـەوەی کاتـی گـورز وەشـاندن لـە تالیبـان.

هـاوکات، مەکتەبـی سیاسـیی یەکێتیی نیشـتمانیی کوردسـتان بـە سەرپەرشـتیی مـام جـەلال کۆبـۆوە و دوا پێشـهاتەکانی جەنگـی دژی تیـرۆری تاوتـوێ کـرد.

لــە ٧ی تشــرینی یەکەمــدا ئەمریــکا، لــە زاری وتەبێــژی فەرمییــەوە، دەســتپێکردنی ئۆپەراســیۆنی عەســکەریی دژی تالیبــان ڕاگەیانــد. ئەمریکییــەکان بڵاویـان کـردەوە کـە بریتانیـا بەشـدارە لـە ئۆپەراسـیۆنە عەسـکەرییەکاندا و لـە پـاڵ بریتانیـا، ژمارەیـەك وڵات لەوانــە فەرەنســا و کەنــەدا بەڵێنــی هاوکارییــان داوە.

یـەك ڕۆژ پـاش دەسـتپێکردنی جەنگی ئەفغانسـتان، ئێرانییــەکان کۆبونەوەیەکیــان لــە نێــوان نوێنەرانــی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان و نوێنەرانــی بزوتنــەوەی ئیسـلامی لـە قەسر شـیرین ڕێکخسـت، بـۆ چارەســەرکردنی ئــەو ســارد و ســڕی و دڕدۆنگییــەی لــە نێـوان یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و بزوتنـەوەی ئیسـلامی هەیـە. لـە کۆبونەوەکـەدا نوێنەرانـی ئێـران نیگەرانیـی خۆیـان لـە بەردەوامبون و تەشـەنە سـەندنی بـێ متمانەیـی لـە نێـوان هـەردولا دەربـڕی و هەمـوو توانـای خۆیـان بـۆ ئاشـتکردنەوەیان خسـتە گـەڕ. لـە میانــەی گفتوگۆکانــدا، شــاندی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان تێڕوانینەکانــی خــۆی لــە پێنــج خاڵــدا

پوخـت کـرد:

١- هەڵەبجـە بـۆ هەمـوو حزبـەکان، جوندولئیسـلامی لـێ دەرچـێ، شـارێکی کراوەیـە و چالاکیـی سیاسـی و کردنـەوەی بـارەگای تێـدا قەدەغـە ناکـرێ.

٢- دەسـەڵات لـە هەڵەبجـە بـۆ حکومەتـی هەرێمـە کـە ئەمـەش لـە ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٩٧ی تارانـدا کـە بـە سەرپەرشـتیی ئێـران لـە نێـوان یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و بزوتنـەوەی ئیسـلامی هاتۆتـە دی، چەسـپێنراوە و یـەکلا کراوەتـەوە.

٣- کۆکردنـەوەی هێـز لـە هەڵەبجـە بـۆ پاراسـتنی ناوچەکەیـە لـە هێرشـەکانی جوندولئیسـلام و هـەر کات بارودۆخەکـە ئاسـایی بـۆوە، هێـزەکان دەگەڕێنـەوە بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان.

٤- شـاندی حـزب نیگەرانیـی لـەوە دەربـڕی کـە باڵێکی نـاو بزوتنـەوەی ئیسـلامی هێشـتا پەیوەندیـی لەگـەڵ جوندولئیسـلام نەپچڕانـدووە.

٥- شـاندەکە پشـتیوانیی لـەوە کـرد کـە گفتوگۆکـە بگوێزرێتـەوە بـۆ هەڵەبجـە و لـەوێ بەردەوامیـی پـێ بـدرێ بـۆ گەیشـتن بـە چارەسـەر بـۆ هەمـوو کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان.

ئێرانییـەکان لێبڕاوانـە هەوڵیانـدا ڕێ بـۆ ئاشـتبونەوەی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی خۆش بکەن. یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دژی ئاشتبونەوە نەبوو، بەڵام ئەو مەرجەی هەبوو کە دەبێ بزوتنەوەی ئیسلامی پەیوەندییەکانی، بە تەواوی، لەگەڵ جوندولئیسلام بپچڕێنێ کە ئەمەش ئەو مەرجە بوو کە حزب نەیدەتوانی دەستبەرداری بێ. رای ئێرانییەکان وا بوو کە نابێ بزوتنەوەی ئیسلامی پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە قوربانیی پەیوەندیی لەگەڵ جوندولئیسلام بکا و لەو بڕوایەدا بون کە مەسەلەکە مەسەلەی کاتە و لە کۆتاییدا پرەگماتیزمی سیاسی زاڵ دەبێ. بۆیە هەر بەردەوام بون لەسەر هەوڵەکانیان بۆ ئاشتکردنەوەی هەردولا.

لە ٩ی تشرینی یەکەمدا مەحمود مەلا عیززەت سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» وتارێکی بە ناونیشانی «جەنگی دژ بە تیرۆریزم و ئایندەی کێشە سیاسی و نێودەوڵەتییەکان» لە لاپەڕە ١ی رۆژنامەکەدا بڵاوکردەوە. هەرچەند وتارەکە بە شێوەیەکی فەرمی گوزارشت لە رای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ناکا، بەڵام زۆربەی ئەو بۆچونانەی کە وتارەکە دەری بڕیون، ڕەنگدانەوەی میتۆدی بیرکردنەوەی

سەرکردایەتیی حزبن دەربارەی جەنگی جیهانیی دژی تیرۆر و سەرەنجامە پێشبینکراوەکانی. وتارەکە لەو گۆشە نیگایەوە لە جەنگی دژی تیرۆری ڕوانیوە کە بە بەراورد لەگەڵ جەنگەکانی تر «جەنگێکی نوێ و جیاواز و بێ وێنە» دەبێ. وتارەکە بانگەشەی بۆ ئەو تێزە کردووە کە لە سایەی درێژبونەوەی تیرۆر لە ئەفغانستانەوە بۆ واشنتۆن و نیوویۆرك «نائاسایی نیە کە گروپی تیرۆریست لە ئەفغانستانەوە بۆ کوردستان و لە ڕێکخراوی قاعیدەوە بۆ جوندولئیسلام و لە ئوسامە بن لادنەوە بۆ ئەبوعەبدوڵڵای شافیعی (وریا ڕەسول هەولێری) پەل بکێشێ و ببێتە هەڕەشە لەسەر دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی کە گروپەکە تێیدا دەسەڵاتدارە». وتارەکە، بە پێوانەی ڕەوشی گشتی، بەلایەوە ئاسایی بوو کە جەنگی دژی جوندولئیسلام لە قەزای هەڵەبجە بە بەشێك لە جەنگی بەرفراوانی دژ بە تیرۆر لە قەڵەم بدرێ. وتارەکە پشتیوانی لەوە دەکا کە هاوکاریی لایەنەکانی هاوپەیمانیی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە جەنگدا دژی تیرۆر و ئامادەیی دەربڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هاوکاری و هەماهەنگی «ڕێگایەکی نوێ و گونجاوە بۆ زیاتر متمانە بەیەککردن

و لێــك تێگەیشــتن و نزیکبونــەوە بــۆ دروســتکردنی یــەك بــەرەی تۆکمــە و پتــەوی کــوردی».

گرنگتریــن بۆچوونەکانــی وتارەکــە بانگەشــەکردنە بــۆ دوو خاڵــی ســەرەکی: یەکــەم ئەوەیــە کــە جەنگــی دژی تیــرۆر تەنهــا لــە ســنوری ئەفغانســتان نامێنێتــەوە، بەڵکــو فــراوان دەکــرێ و درێــژە دەکێشــێ. وتارەکــە وای بــۆ دەچــێ کــە جەنگەکــە «لــە شــێوە و ئامانــج و سەرەنجامیشــدا نــوێ دەبــێ» و لەگــەڵ خــۆی «ئەنجامی نــوێ» دێنێتــە دی و گــۆڕان لــە ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت بــەدی دێنــێ و بــەم چەشــنە گوزارشــت لــە تیۆرییەکــە دەکا کــە گۆڕانــی چاوەڕوانکــراو دەشــێ «پێشــبینیی زۆری لــێ چــاوەڕوان بکــرێ» و تەنانــەت دەشــێ چاوەڕوانییەکــە «دەرگا لەســەر زۆر ئامانــج بکاتــەوە» ئاشــکرایە کــە وتارەکــە لــەم پەرەگرافانــەدا، تێڕوانییەکانــی بــە نەختێــك تەمومــژەوە دەردەبــڕێ، بــەڵام دیــارە ئەمــە بــە ئەنقەســتە، لــە لاوازییــەوە نیــە. ئاشکراشــە کــە لــە سیاســەتدا هەمــوو شــتێك ناوتــرێ، ئــەوەش کــە دەوتــرێ، دەبــێ لــە کاتــی خۆیــدا بوتــرێ، نــە زوتــر بــەو رادەیــەی کــە پلانــەکان ئاشــکرا بــکا و نــە درەنــگ بــەو رادەیــەی کــە پاســاوی باســکردنی نەمــا بێ. بــەڵام لــە پەرەگرافەکانــی پاشــتردا، وتارەکــە نەختێــك

تەمومژەکـە دەڕەوێنێتــەوە، ئومێـد دەبەخشـێتەوە و وای دەردەبـڕێ کـە «هیـچ گومـان لـەوەدا نیـە کـە کـورد لـەو گۆڕانانـە بێبـەش نابـێ». لە سـەروبەندی شـیکردنەوەکەدا، وتارەکــە بــە تۆنێکــی پــڕ متمانــە و دڵنیابــون ئــەوە دەردەبــڕێ کــە کــورد و سیاســەتمەدارەکانی دەتوانــن ڕۆڵێکــی «پۆزەتیــڤ» ببینــن و «هەلــە مێژووییەکــە» بقۆزنــەوە. وتارەکــە بــەم پەرەگرافــە پــڕ مانایــە کۆتایــی دێــت «ئەمــڕۆ لــە هەمــوو ڕۆژێــك زیاتــر پێویســتمان بــە سیاســەتێکی هۆشــمەندانەیە کــە بالانســی بــارودۆخ وگوشـار و پەیوەندییـە ناوچەییـەکان ڕابگـرێ و بـە قازانجی بەرژەوەندییــە ســتراتیجییەکان ســودی لــێ وەربگیــرێ».

کرۆکــی وتارەکــە ئەوەیــە کــە دەشــێ جەنگــی جیهانیــی دژ بــە تیــرۆر، پێویســتی بــە ڕوخانــدن یــان گۆڕینــی ڕەفتــاری چەنــد ڕژێمێکــی نــا دیموکــرات بــێ لــە هــەردوو ناوچــەی ڕۆژهەڵاتــی نزیــك و ناوەڕاســت و لــەم چوارچێوەیــەدا دەشــێ عیــراق، پــاش ئەفغانســتان، ئامانجــی دووەمــی جەنگــی دژی تیــرۆر بــێ. ئــەم پێشــبینییە لەنــاو ســەرکردایەتیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان زۆر لایەنگــری هەبــوو، بەتایبەتــی کــە عیــراق لــە ســاڵی ١٩٩١وە بــە هــۆی ســزا نێودەوڵەتییەکانــەوە شــڕ ببــوو و زۆربــەی توانــا عەســکەرییەکانی لەدەســت

دابــوو و لەســەر ئاســتی نێودەوڵەتیــش قێــزەون و نەفرەتلێکــراو بــوو. ئــەم بیرۆکەیــە لــە وتارەکــەدا بــە نــاوەڕۆك ڕەنگــی داوەتــەوە، بــەڵام بــە ئەنقەســت بــە ڕۆشــنی نەخراوەتــەوە ڕوو، هەرچەنــد لــە نێــو دێڕەکانــدا بــە زەقــی هەســتی پــێ دەکــرێ. لــە بەشــێکی دوا پەرەگرافــدا، وتارەکــە زۆرتــر و تــا ئەندازەیــەك ڕونتــر لــە مەبەســت نزیــك دەبێتــەوە و لێبڕاوانــە جەخــت لەســەر ئــەوە دەکاتــەوە کــە «ئەمــڕۆ لــە هەمــوو ڕۆژێــك زیاتــر پێویســتمان بــە یەکێتیــی ریزەکانــی گەلــە» و پاشــان بــە خێرایــی، پێویســتیی یەکێتیــی ریــزەکان بــە جەنگــی دژی تیــرۆرەوە دەبەستێتەوە و باســی پێویســتیی بونــی «سیاســەتێکی وردبیــن» و گرنگیــی « مەزەندەکردنــی ســەرەنجامە هەمەلایەنەکانــی جەنگەکــە» دەکا بــۆ ئــەوەی لایەنــە سیاســییەکانی کوردســتان بتوانــن «بــە قازانجــی بەرژەوەندییــە ســتراتیجییەکان» ســودی لــێ وەرگــرن.

لەســەر ئاســتی جەنگــی ئەفغانســتان، لــەو ماوەیــەدا پێشــهاتی تــازە بەڕێــوە بــوو، کــە گرنگترینیــان دەرکەوتنــی ئۆپۆزیســیۆن بوو وەك فاکتەرێکی ســەرەکی لــە هاوکێشــەی سیاســیدا. هەواڵــەکان ئاماژەیــان بــۆ پێشــڕەویی هێزەکانــی هاوپەیمانیــی باکــور لــە

ویلایەتەکانی سەمینگان و بەغلان و پەیوەندیکردنی ٣ فەرماندە و ٨٠ چەکداری تالیبان بە ئۆپۆزیسیۆنەوە کرد. پاش دەوروبەری یەك مانگ لە گورزە ئاسمانییەکان، هێزەکانی تالیبان کەوتنە بارودۆخێکی خراپەوە، شیرازەیان لێك پچڕا و ورەشیان بەردا و نائومێدانە دەجەنگان. بزوتنەوەی تالیبان گەیشتبووە رادەی لەدەستدانی دەستپێشخەری. رۆژنامەی «واشنتۆن پۆست» لە زاری چەند کاربەدەستێکی پایە بەرزی پەنتاگۆنەوە بلاّوی کردەوە کە خەریکە جەنگەکە پێ دەنێتە قۆناغی دووەمەوە کە تێیدا لە پاڵ گورزی ئاسمانیدا، هێرشی زەمینی و بەکارهێنانی هەلیکۆپتەر بە فراوانی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانیی باکور دەست پێ دەکا.

هەر لەو ماوەیەشدا، لە کوردستاندا هەوڵەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزوتنەوەی ئیسلامی بەردەوام بون. بونی گروپی جوندولئیسلام لە هەورامان، لە پەنای بزوتنەوەی ئیسلامی، هاندەر نەبوو بۆ چاککردنەوەی پەیوەندیی نێوان هەردولا. لە ١٤ی تشرینی یەکەمدا، پاش چوار رۆژ کۆبونەوە لە نێوان شاندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی فەرەیدون

عەبدولقــادر ئەندامــی مەکتەبــی سیاســی و شــاندی بزوتنــەوەی ئیســلامی بــە ســەرۆکایەتیی مــەلا ســدیق عەبدولعەزیــز جێگــری رابــەری بزوتنــەوەی ئیســلامی لــە هەڵەبجــە، پرێــس کۆنفرەنســێك بــۆ راگەیاندنــی ئەنجامــی گفتوگــۆکان بەســترا. هــەردولا لــە پرێــس کونفرەنســەکەدا وتیــان کــە گەیشــتون بــە رێککەوتنێکــی کۆنکرێتــی بــۆ رێکخســتنەوەی پەیوەندییــەکان لەســەر بنەمایەکــی پتــەو. ئێــران رۆڵێکــی دیــاری لــە ئاشــتکردنەوەی هــەردولادا هەبــوو. لــە پرێــس کۆنفرەنســەکەدا فەرەیــدون عەبدولقــادر جوندولئیســلامی بــە «دیاردەیەکــی دزێــو» ناوبــرد کــە لــە ســۆنگەی کــردەوە تیرۆریســتییەکانییەوە «جێــی لــە کوردســتان نابێتــەوە» و بــەو کردەوانــەی «تەنهــا زەمینــەی دەرپەڕاندنــی خۆی خۆش دەکات». ســەبارەت بــە هەڵوێســتی بزوتنــەوەی ئیســلامیش بەرامبــەر بــە جوندولئیســلام، وتــی «برایانــی بزوتنــەوەی ئیســلامی لــەو رێککەوتنــەی کــە واژۆمان کــردووە، جوندلئیســلام و کارە تیرۆریســتییەکانی و روداوەکــەی خێڵــی حەمەیــان سەرزەنشــت کــردووە و لــەم بارەیــەوە لەگــەڵ ئێمــە هاوبیــرن». لــە پاســاوهێنانەوەدا بــۆ خۆپاراســتنی بزوتنــەوەی ئیســلامی لــە بەئاشــکرا سەرزەنشــتکردنی

کـردەوە تێرۆریسـتییەکانی جوندولئیسـلامدا، وتـی «ڕەنگـە برایانـی بزوتنـەوە لـە ئێسـتادا لـە هەلومەرجێکـی تایبەتـدا بـن، چونکـە ناوچەکانیـان تێکهەڵکێشـی ئـەو شـوێنانەن کـە جوندولئیسـلامیان لێیـە. بۆیـە ڕەنگـە نەتوانـن بـە دەنگێکـی بڵنـد و ڕاسـتەوخۆ و بـە ڕونـی، ئـەو تاقمـە دزێـوە سەرزەنشـت بکـەن».

لـە وەڵامـی پرسـیارێکدا دەربـارەی ناوەڕۆکـی ڕێککەوتنەکـە، وتـی یەکـێ لـە خاڵـە سـەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکـە، داننانـە بـە بونـی تەنهـا یـەك دەسـەڵات لـە کوردسـتاندا کـە ئەویـش دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمـە و «هـەر لایەنێـك بیـەوێ جێـی بگرێتـەوە، دەسـەڵاتەکەی ناشـەرعییە و دژی ڕێککەوتنەکـەی ئەمجـارە و هەمـوو ڕێککەوتنەکانـی پێشـترە». دوا پەرەگـراف ئامـاژە بـوو بـۆ ڕێککەوتننامـەی سـاڵی ١٩٩٧ی تـاران. سـەبارەت بـە پابەندبونـی بزوتنـەوەی ئیسـلامی بـە ڕێککەوتنەکـە وتـی «دەبـێ بزوتنـەوەی ئیسـلامی، وەك ئێمـە و هەمـوو ڕێکخراوەکانـی تـر، دژی تیـرۆر بـێ و لـە کارەکانـی ئاوەدانکردنـەوە و خزمەتگوزاریـدا پشـتیوانی لـە حکومەتـی هەرێـم بـکات و ڕێـز لـە سـەروەریی یاسـا بگـرێ».

پاشـان مەلا سـدیق عەبدولعەزیز باسـی ڕێککەوتنەکەی کـرد و وتـی «بـە گیانێکـی ئەرێنـی و سـنگێکی فراوانـەوە

لــە بابەتەکەمــان کۆڵییــەوە و هەردولامــان توانیمــان بگەینــە ئەنجامێکــی پــڕ خێــر و بەرەکــەت بــۆ گــەل و نیشــتمان». لــە وەڵامــی پرسیارێکیشــدا دەربــارەی هەڵوێســتی بزوتنــەوەی ئیســلامی بەرامبــەر بــە کــردەوە تیرۆریســتییەکانی جوندولئیســلام وتــی «بزوتنــەوەی ئیســلامی سەرزەنشــتی ئــەو کارانــە و هەمــوو کارێکــی گێرەشــێوێنی دەکات کــە بــۆ کوردســتان و ئەزمونەکــەی زیانبەخــش بــن».

پــاش ئــەو، کامــل حاجــی عەلــی ئەندامــی شــاندی بزوتنــەوە ئیســلامی لــە وەڵامــی پرســیارێکدا دەربــارەی ئــەوەی کــە ئاخــۆ بزوتنــەوەی ئیســلامی پــاش واژۆکردنــی ڕێککەوتنەکــە، هەڵوێســتێکی ڕون و ئاشــکرای بەرامبــەر بــە کردەوەکانــی جەندولئیســلام دەبــێ، وتــی «جەخــت لەســەر ئــەوە دەکەینــەوە کــە پابەنــدی گشــت بڕگەکانــی ڕێککەوتنەکــە دەبیــن». دەربــارەی کــردەوە تیرۆریســتییەکانیش وتــی «هــەر لایەنێکــی سیاســی کــردەوەی تیرۆریســتی ئەنجــام بــدا، ئێمــە تاوانبــاری دەکەیــن». لــە تەواوکاریــی وەڵامەکەشــیدا، رونــی کــردەوە کــە حزبەکــەی «پێشــتر بەیاننامــەی دەربــارەی ئــەو کەســانە دەرکــردووە کــە لــە بزوتنــەوەی ئیســلامی جیابونەتــەوە، لەوانــە

جوندولئیسلام و کۆمەڵی ئیسلامی و وتومانە کە ئەمانە لە روی ئیداری و عەسکەری و رێکخراوەییەوە پەیوەندییان بە حزبەکەمانەوە نەماوە و هەر کارێکیش کە (پاش جیابونەوەیان) دەیکەن خۆیان لێی بەرپرسیارن نەك ئێمە». سەبارەت بە روداوی خێڵی حەمەش باسی کرد کە شێواندنی روخسار و تەرم لە ئیسلامدا پەسندکراو نیە و هەر کەسێك ئەو کارە بکا «سەرزەنشتی دەکەین». دەربارەی ئەوەش کە بارەگای حزبەکەی لە تەوێڵەی ژێر دەسەلاتی جوندولئیسلام هەر لەوێ ماوە، وتی حزبەکەی بەر لەوەی لە هەڵەبجە دەرچێ، بارەگای لە تەوێڵە و بەڵخە هەبووە و ئێستاش هەر لەوێ ماون.

سەبارەت بە جەنگی ئەفغانستان، وەك چاوەڕوان دەکرا، لە نیوەی دووەمی تشرینی یەکەمدا هاوپەیمانیی باکور کە نوێنەرایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی چەکداری ئەفغانەکانی دەکرد، دەستی بە هێرشەکانی کرد بۆ سەر شاری مەزار شەریف لە بەشی باکوری ئەفغانستان. مەزار شەریف چوارەم گەورەترین شاری ئەفغانستانە. گورزە ئاسمانییەکان بەو خەستییەی کە ئەمریکاییەکان ئەنجامیان دەدا، هێزەکانی تالیبانیان هەراسان کرد بوو. ئامادەکاری بۆ ئەوەش دەکرا کە

جەنگەکە پێ بنێتە قۆناغێکی پێشکەوتوترەوە. لێرە بەدواوە پەراوێزی مانۆری تالیبان تەنگەبەر دەبێ و بژاردەکانی بەردەمی بەرتەسکتر و خنکێنەرتر دەبن.

لەسەر ئاستی ناوخۆ، پەلهاوێشتنی جەنگی جیهانیی دژ بە تیرۆر بۆ ناو کوردستان، ڕۆڵێکی دیاری لە زیادکردنی هەماهەنگی لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو. لە ٢٣ی تشرینی یەکەمدا هۆشیار زێباری لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بەشی کوردیی ئێزگەی «دەنگی ئەمریکا» وتی گروپی جوندولئیسلام تا ئێستا لە بیارە و تەوێڵە ماوە «بەڵام لەسەر ئەم بابەتە، ئێمە و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەك هەڵوێستمان هەیە و هاوکاری یەکترین بۆ بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆریزم لە کوردستان».

لەگەڵ زیادبونی لێدوان دەربارەی ناردنی هێزی زەمینی بۆ ئەفغانستان، پێشبینی دەکرا لە ماوەیەکی نزیکدا هێزی زەمینی بۆ تێکشکاندنی تالیبان بنێردرێ بۆ ئەفغانستان و جەنگی زەمینی کە یەکلاکەرەوە دەبێ، دەست پێ بکا. لە پاڵ لێدوانەکانی تایبەت بە ناردنی هێزی زەمینی،

جموجوڵـی سیاسـیش چالاکتـر بـوو. لـەم چوارچێوەیـەدا وەزیـری بەرگریـی بریتانیـا جیـف هـون رایگەیانـد کـە هێـزی پیـادەی بریتانیـا ئامادەیـە بـۆ چونـە نـاو خاکـی ئەفغانسـتان. لەسـەر ئاسـتێکی تـر، ڤلادیمیـر پۆتـن سـەرۆکی روسـیا لـە ئۆزبەکسـتان چـاوی بـە سـەرۆکی پێشـوی ئەفغانسـتان بورهانەددیـن رەببانـی کـەوت. رەببانـی لـە سـاڵە ١٩٩٦دا لەسـەر دەسـتی تالیبـان لـە کار خـرا بـوو، بـەڵام دەوڵەتـان و نەتـەوە یەکگرتـووەکان وەك سـەرۆکی شـەرعیی ئەفغانسـتان مامەڵەیـان لەگـەڵ دەکـرد. پـاش کۆبونەوەکـە، پۆتـن لێدوانـی دا کـە ئامادەیـە کۆمەکـی زۆرتـر پێشـکەش بـە هاوپەیمانیـی باکـوری ئەفغانسـتان بـکات.

لـە ٢٤ی تشـرینی یەکەمـدا ماکـۆك شـێخ محەمـەد لـە وتارێکـدا بـە ناونیشـانی «لـە ئەفغانسـتانەوە بـۆ بەغـدا: فایلێکـی لەبیرکـراو» دەسـتی بـۆ بابەتێـك بـرد کـە باسـی سـەرەکیی سـالۆنە سیاسـییەکان بـوو، بـەڵام کـەس بـە راشـکاوی و بـێ پێـچ و پەنـا نەیدەوروژانـد. وتارەکـە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکا کـە ناوەندەکانـی بڕیـار لـە واشـنتۆن کەوتونەتـە تاوتوێکردنـی مەسـەلەی «بردنـی بەغـدا بـۆ نـاو بازنـەی گـورزە سـەربازییەکانی جەنگـی دژی تیـرۆر»، بـەڵام هێشـتا ئـەم بابەتەیـان یـەکلا نەکردۆتـەوە.

وتارەکـە پێـی وایـە سـەرقاڵبونی ئەمریـکا بـە جەنگـی ئەفغانســتان، پــرۆژەی ســەپاندنی ســزا زیرەکەکانــی بەسـەر عیراقـدا لەبیـر نەبردۆتـەوە، بەتایبەتـی کـە لـە سـایەی جەنگـی دژی تیـرۆردا «ئەگەرەکانـی گۆڕانـکاری هاتونەتـە پێـش». بەپێـی وتارەکـە، پـاش بڕانـەوەی جەنگـی ئەفغانسـتان، ئەمریـکا دەچێتـەوە سـەر فایلـە لەبیرکراوەکـەی عیـراق و گـەڕی پـێ دەکاتــەوە و کار بــۆ ســەپاندنی ســزا زیرەکــەکان دەکا. وتارەکــە لــەم ململانێیـە، دوو ئەگـەر بـەدی دەکا: یەکـەم ئەوەیـە کـە عیـراق بـە پرۆژەکـە رازی بـێ و ئەوی تر ئەوەیـە کە ڕەتی بکاتـەوە. بەپێـی وتارەکـە، لـە هـەردوو ئەگـەردا عیـراق لـە تەنگانـە دەرناچـێ، چونکـە لە ئەگـەری یەکەمـدا، بە ڕازیبونـی بـە پـرۆژەی سزا زیرەکـەکان، ڕوبەڕوبونـەوەی عەسـکەری لـە خـۆی دور دەخاتـەوە، بـەڵام نـەك بـۆ هەتـا هەتایـە، بەڵکـو تەنهـا بـۆ ماوەیـەك. لـە ئەگـەری دووەمیشـدا، ئەگـەر عیـراق پـرۆژەی سـزا زیرەکـەکان ڕەت بکاتـەوە، بیانـوو بـە ئەمریـکا دەدا و «پاسـاوێکی چـەور دەخاتــە بــەر دەســتی» بــۆ ڕوبەڕوبونــەوەی عەسـکەری. ناوەڕۆکـی وتارەکـە لـە شـیکردنەوەکانی مەحمــود مــەلا عیززەتــەوە ســەرچاوە دەگــرێ و بــە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ لەگەڵیـدا هاوڕایـە کـە پـاش

ئەفغانســتان، عیــراق ئامانجــی دووەمــی جەنگــی دژی تیــرۆر دەبــێ.

ســەروتاری ژمــارەی پاشــتریش لەســەر هەمــان ڕێبــاز ڕۆیشــتووە و بــە گەشــبینییەکی زۆرتــرەوە بانگەشــەی بــۆ ئــەوە کــردووە کــە «هیــچ کاتێــك وەك ئێســتا، ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت نەکەوتۆتــە بــەردەم ڕوداو و گێژاوێکــی وا کــە گۆڕانــی گــەورە گــەورەی لــێ چــاوەڕوان بکــرێ». ســەروتار هەنگاوێکــی پێشکەوتوتریشــتی هەڵهێنــاوە و باســی «گۆڕانــی وەرچەخێنــەر» و خوســازدانی بــۆ «ڕوداوە پێشــبینیکراو و چاوەڕوانکــراوەکان» کــردووە بــە مەبەســتی «ســود وەرگرتــن لــە هــەر دەرفەتێکــی لــواو کــە بەرژەوەندیــی کــورد و دۆســتەکانی و ناوچەکــە بیخــوازی».

لەگــەڵ نزیکبونــەوەی جەنگــی ئەفغانســتان لــە بەدیهێنانــی ئامانجەکانــی، چیتــر ئــەوە نەشــاردرایەوە کــە ئــەو جەنگــە، وەك پلانــی بــۆ دانــراوە، کۆتایــی جەنگــی دژی تیــرۆر نابــێ، بەڵکــو پــەل دەهــاوێ، درێــژە دەکێشــێ و بــە چەشــنێك مەوداکــەی فــراوان دەکــرێ کــە پــاش تالیبــان شــوێنی تــر بگرێتــەوە، لەوانــە عیــراق، کــە ئەمــەش هەمــان ئــەو تێڕوانینەیــە کــە هــەر لــە ســەرەتاوە، لــە نــاو ســەرکردایەتیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتاندا بــاو بــوو. بەغــدا خۆیشــی ترســی ئــەوەی لــێ نیشــتبوو کــە

ئەمریکییـەکان ، پـاش تالیبـان، بیکـەن بـە ئامانجـی دووەمیـان. لێدوانـی جێگـری سـەرۆکی وەزیرانـی عیراق دەربـارەی ئەگـەری هێرشـی ئەمریـکا بـۆ سـەر عیـراق، ڕەنگدانــەوەی نیگەرانییەکــی ڕاســتەقینە بــوو. جێــی سـەرنجیش بـوو کـە وەزیـری بەرگریـی ئەمریـکا دۆنالـد رامســفیلد لــە لێدوانێکیــدا هــەوڵ بــدا پەیوەســتێك لــە نێــوان بەغــدا و ڕێکخــراوی قاعیــدە بدۆزێتــەوە، کاتێـك ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـرد کـە زانیارییـان هەیـە کـە یەکـێ لـەو ١٩ کەسـەی بەشـدارن لـە هێرشـەکانی ١١ی ئەیلولــی، چــاوی بــە ئەفســەرێکی هەواڵگریــی عیـراق کەوتـووە. هەرچەنـد رامسـفیلد مەسـەلەکەی بـە هەڵپەسـێردراوی هێشـتەوە و وتـی دەزگا ئەمنییـەکان خەریکـی لێکۆڵینـەوەن لـەم بارەیـەوە، بـەڵام ئـەو، بـە شـێوەیەکی گشـتی، بـە زمانێکـی زبـر باسـی عیراقـی کـرد، بـە دوریشـی نەزانـی گـورزی لـێ بوەشـێنرێ.

ئەمـە یەکـەم جـار بـوو، لـە میانـەی باسـکردنی ڕژێمـە نەفرەتلێکـراو و بەدناوەکانـدا کـە دەشـێ پـاش تالیبـان گورزیـان لـێ بوەشـێنرێ، بـە نـاو نـاوی ڕژێمـی عیـراق بـە رونـی و راشـکاوانە بهێنـرێ.

لـە سـەرەتای تشـرینی دووەم بـەدواوە، دەنگوباسـی چڕکردنــەوەی هێرشــی ئاســمانی بــۆ ســەر کابولــی

پایتەخـــت و قەندەهـــار زیـــادی کـــرد و لـــەو ماوەیـــەدا هێزەکانـــی ئۆپۆزیســـیۆن، بـــە پشـــتیوانیی هێزی ئاســـمانیی ئەمریـــکا، لـــە بەرەکانـــی شـــەڕدا پێشـــڕەوییان کـــرد، بەتایبەتـــی لـــە دەوروبـــەری کابـــول. بـــە کـــردەوە، شـــەڕی کابـول لـە روی عەسکەرییەوە بـەرەو یەکلابونـەوە دەچـوو و چـــاوەڕوان دەکـــرا هێزەکانـــی ئۆپۆزیســـیۆن لـــە مـــاوەی چەنـــد رۆژی داهاتـــوودا دەســـتی بەســـەردا بگـــرن.

لـــە تشـــرینی دووەمـــی ٢٠٠١دا ئەفغانســـتان شـــەڕی گـــەورەی بـــە خۆیـــەوە بینـــی. لـــە روی عەســـکەرییەوە، هێـــزی ئاســـمانیی ئەمریـــکا بـــەردەوام بـــوو لەســـەر پڕوکانـــدن و شـــپرزەکردنی هێزەکانـــی تالیبـــان. لەســـەر زەوی، هێزەکانـــی هاوپەیمانیـــی ئۆپۆزیســـیۆنی باکـــور، بـــە ســـودوەرگرتن لـــە چەتـــری ئاســـمانیی ئەمریکایـــی، لـــە پێشـــڕەویدا بـــون. لـــە ٣ی تشـــرینی دووەمـــدا هاوپەیمانـــی رایگەیانـد کـە دەسـتی بەسـەر ناوچـەی کۆبرۆکـدا گرتـووە کـە ٧٠ کیلۆمەتـر لـە باشـوری شـاری مـەزار شـەریفەوەیە و ٨٠٠ چەکـداری تالیبانیـش پەیوەندییـان پێـوە کـردووە. لـە سـۆنگەی ئـەو تەڵەیـەی کـە تالیبـان تێـی کەوتبـوو، هەواڵـی پەیوەندیکردنـی بەشـێك لـە هێزەکانـی بـە بەرەی ئۆپۆزیســیۆنەوە، بــە شــتێکی نائاســایی نەدەژمێــردرا.

دوای چـوار هەفتـە لـە هێرشـە چـڕە ئاسـمانییەکانی

ئەمریـکا لــە ئەفغانســتان، فەرماندەیــی ســوپا کەوتــە تاوتوێکردنــی پرســی ناردنــی هێــزی زەمینــی بــۆ ئەفغانســتان. بــە شــێوەیەکی گشــتی، لــە واشــنتۆن دوو بۆچونـی جیـاواز لـەم بارەیـەوە هەبـوو یەکێکیـان پێـی وابـوو کاتـی ئـەوە هاتـووە هێـزی زەمینـی بـۆ ئەفغانســتان بنێــردرێ بــۆ ئــەوەی شــەڕەکە، دوای شـڕکردن و پڕوکاندنـی هێزەکانـی تالیبـان، لـە کەمترین مـاوەدا بـە لایەکـدا بخـرێ. رایەکـی تـر وای بـۆ دەچـوو کــە پێویســت بــە ناردنــی هێــزی ئەمریکایــی نــاکات و دەرفــەت هەیــە پشــت بــە هێزەکانــی هاوپەیمانیــی باکور ببەسـترێ بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجـەکان. لایەنگرانی رای دووەم نەیاندەشـاردەوە کـە دەشـێ پشـت بەسـتن بــە ئۆپۆزیســیۆن مــاوەی شــەڕ درێــژ بکاتــەوە، بــەڵام ئاســتی زیانەکانــی هێزەکانــی ئەمریــکا دادەبەزێنــێ و ئەرکـی گرتنـی زەوی لـە کـۆڵ ئەمریـکا دەکاتـەوە. بـە قوڵبونــەوە لــە پاســاوەکانی رای یەکــەم، دەردەکــەوێ کــە لایەنگرانــی ئــەم رایــە بــە گومانــەوە دەیانڕوانییــە بـژاردەی پشــت بەســتن بــە هێزەکانــی هاوپەیمانیــی باکــور و پێیــان وا بــوو توانــای ئۆپۆزیســیۆن ســنوردارە و لــە شــەڕێکی ســەختدا دژی دوژمنێکــی دڕی وەك تالیبــان، ناتوانــێ ڕۆڵێکــی یەکلاکــەرەوە بگێــڕێ.

مشتومڕ لەسەر ئەم بابەتە هەر بە گەرم و گوڕی مایەوە. بەڵام پەنتاگۆن ڕای وا بوو کە لە کۆتاییدا هەر دەبێ هێزی زەمینی بۆ ئەفغانستان بنێردرێ، بەڵام بەرچاو ڕونیی لەم بارەیەوە بە ئەندازەی ئەوەی کە ڕەوشەکە پێویستی پێ بوو، لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو.

زۆری نەبرد لەو ماوەیەدا بارودۆخەکە بە تەواوی گۆڕا و پێشهاتەکان خێراتر کەوتنە گەڕ. لە ١١ی تشرینی دووەمدا جەنگی ئەفغانستان پێی نایە قۆناغێکی هەستیارەوە، کاتێك هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن کۆنترۆڵی ویلایەتی بامیانیان کرد و لە ڕۆژئاواشدا گەمارۆی هیراتیان دا، لە باکوریش هەڵکشانە سەر قەندوز. لە جەنجاڵی ئەو بەسەرهاتە خێرایانەدا، ناوی کابولی پایتەختیش هاتە ناو ناوانەوە. لەو هەلومەرجەدا هاوپەیمانیی باکور لە لێدوانێکدا کە ئەوەی لێ دەخوێندرایەوە کە ڕوخانی ڕژێمی تالیبان نزیك بۆتەوە، ڕایگەیاند کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن تا لەسەر پێکهێنانی حکومەتی تازە ڕێك نەکەون، هێز بەرەو کابول ناجوڵێنن. لێدوانەکە نیشانی دەدا کە پێشڕەویکردن بەرەو کابول بڕاوەتەوە و تاڵیبان چانسی مانەوەی نیە. لە ماوەی ٤٨ سەعاتدا پێشهاتەکان خێراتر کەوتنە گەڕ و لە ١٣ی تشرینی دووەمدا

هێزەکانــی هاوپەیمانیــی باکــور چونــە نــاو کابــول و دانیشـتوانی شـار ڕژانـە سـەر شـەقامەکان و بـە خۆشـی و شــادییەوە پێشــوازییان لــێ کــردن.

پێشــهاتەکانی ئەفغانســتان و ڕوخانــی ڕژێمــی تالیبــان، لــە کوردســتانیش دەنگیــان دایــەوە. لــە ١٤ی تشــرینی دووەمــدا ڕۆژنامــەی «کوردســتانی نــوێ» وتارێکــی فەریــد ئەسەســەردی بڵاوکــردەوە، تێیــدا هاتبــوو کــە ئەمریــکا «ڕێبەرایەتیکردنــی جیهانــی بــە هــۆی جەنگــی ئەفغانســتانەوە، لانــی کــەم بــۆ چارەکــە ســەدەیەك مســۆگەر کــردووە» و وای لــە مەســەلەکە روانــی کــە جەنگــی ئەفغانســتان «ڕێبەرایەتیــی ئەمریــکای چەســپاند و ئەمریــکای هانــدا چیتــر، بــە ئەنــدازەی جــاران، ســڵ لــە بەکارهێنانــی هێــز، لــە هــەر جێیەکــی جیهــان، نەکاتــەوە». بەپێــی وتارەکــە، هەڵســوکەوتی تونــدڕەوە فەندەمەنتالیســتەکان بۆتــە مایــەی ئــەوەی کــە «ئەمریــکا بتوانــێ جیهانــی تــاك جەمســەری بەســەر هەمووانــدا بســەپێنێ».

لـە کوردسـتاندا دەسـتەبژێری سـکولار بە شـێوەیەکی گشــتی ڕوخانــی ڕژێمــی تالیبانــی بــە هەنگاوێکــی گرنـگ بـۆ نەهێشـتنی تیرۆریـزم دایـە قەڵـەم. ڕۆژنامەی «کوردســتانی نــوێ» لــە ١٨ی تشــرینی دووەم بــە دواوە

ریــزە چاوپێکەوتنێکــی خێــرای لەگــەڵ دەســتەبژێری سیاســیی کــورد دەربــارەی لێکەوتەکانــی هەرەســهێنانی رژێمــی تالیبــان ســاز کــرد. قــادر عەزیــز ســکرتێری حزبــی زەحمەتکێشــان وتــی ئەفغانســتان لــە ســایەی حوکمڕانیــی تالیبانــدا «گەورەتریــن بنکــەی رێکخــراوە تیرۆریســتییەکانی جیهــان بــووە، لەســەروی هەموویانــەوە رێکخــراوی قاعیــدەی ئوســامە بــن لادن کــە بەرپــرس و جێبەجێــکاری زۆربــەی کارە تیرۆریســتییەکانی دژ بــە ئەمریکایــە، لەســەروی هەموویانــەوە ئۆپەراســیۆنەکانی ١١ی ئەیلولــی ٢٠٠١ی نیوویــۆرك و واشــنتۆن» و رای وا بــوو کــە روخانــی رژێمــی تالیبــان لــە ئەفغانســتان کاریگەریــی راســتەوخۆی لەســەر رێکخــراو و گروپــە تیرۆریســتییەکانی دی دەبــێ لــە جیهانــدا». لــە ٢٠ی تشــرینی دووەمــدا ســوبحی مەهــدی ئەندامــی مەکتەبــی سیاســیی پارتــی کۆمۆنیســتی کوردســتان وای دەربــڕی کــە جەنگــی جیهانیــی دژی تیــرۆر بــە روخانــی رژێمــی تالیبــان کۆتایــی نایــەت، بەڵکــو «بــەردەوام دەبــێ و شــێوازی ســەرەکیی روبەڕوبونــەوەش، زەبــری ســەربازی دەبــێ».

لــە میانــەی هەوڵەکانــدا بــۆ تاوتوێکردنــی «دیــاردەی تالیبــان» و پاڵنەرەکانــی بــۆ پێداگیریــی لەســەر جێبەجێکردنــی دەقاودەقــی شــەریعەت، فەرید ئەسەســەرد

لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بڵاوی کردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت پشت ئەستورە بە چەند بەهایەك کە کۆدەنگییان لەسەر نیە و بە شێوەی جیاوازیش ڕاڤە دەکرێن کە ئەمەش تێکڕای چەمکەکە تەمومژاوی دەکات. بە بڕوای ئەو، چەمکی جێبەجێکردنی شەریعەت لە مۆدێلی تالیباندا دژی مۆدێرنێزەکردنە و گۆڕانی زەمان ناسەلمێنێ و تێکەڵەیە لە وەهابیزم و کەلچەری دەرەبەگایەتی و بیروڕای سەردەمە تاریکەکان. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە لە جێبەجێکردنی شەریعەتدا نمونەیەکی یەکگرتوو نیە و ئەمەش بەو سەرەنجامە دەگات کە هەر کۆمەڵگایەکی ئیسلامی بەپێی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیی و ڕادەی شارستانیبونی، بەو چەشنە شەریعەت جێبەجێ بکا کە بەگونجاو و دروستی دەزانێ. وتارەکە ئیسلامی تالیبان بە «نمونەیەکی پرشنگداری ئیسلام» دانانێ و کرۆکی تێڕوانینەکەی لەوەدا چڕ دەکاتەوە کە ئەزمونی تالیبان «بە مانای وشە پراکتیزەکردنی شەریعەت نەبوو، بەڵکو پراکتیزەکردنی ئەو مۆدێلەیە کە تالیبان بانگەشەی بۆ دەکرد».

ڕوخانــی ڕژێمــی تالیبــان تەنهــا ڕۆژئــاوای ئاســودە نەکـرد، بەڵکـو ئێرانیشـی دڵخـۆش کـرد. تالیبـان شـیعەی بـە لادەر و گومـڕا دادەنـا و لـە مـاوەی حوکمڕانییـدا لـە ئەفغانسـتان، لـە چەنـد شـوێنێك کۆمەڵکوژیـی شـیعەی ئەنجـام دا. بۆیـە ئێـران بـە نەمانـی تالیبـان نەیارێکـی سەرسـەختی لـە کـۆڵ بـۆوە. سـەربار، دەسـتاوەڵا بـوو بـۆ مشـورخواردنی بەرژەوەندییەکانـی خـۆی لـە کوردسـتانی عیـراق. لـە سـاڵی ١٩٩٧دا ئێـران دەسـتێکی باڵای لـە نزیك کردنـەوەی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و بزوتنەوەی ئیسـلامیدا هەبـوو، هـەر بـە سەرپەرشـتیی ئەویـش، نوێنەرانـی هـەردوولا لـە تـاران کۆبونـەوە و ڕێککەوتنـی ئاشـتییان واژۆ کـرد. بـەڵام پـاش چـوار سـاڵ لـە واژۆکردنی ڕێککەوتنەکـە، هـەم یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان هـەم ئێـران لـەو بڕوایەدا بـون کـە ڕێککەوتنەکە پێویسـتی بـە پێداچونـەوە هەیـە. لـە مـاوەی ئـەو چـوار سـاڵەدا، زۆر شـت لـە کوردسـتانی عیـراق گـۆڕا بـوو. یەکـەم، لـە کاتـی واژۆکردنـی ڕێککەوتنەکـەدا لـە سـاڵی ١٩٩٧، بزوتنـەوەی ئیسـلامی حزبێکـی یەکگرتـوو بـوو، بـەڵام پاشـان چەنـد گروپێکـی لـێ جیـا بـۆوە کـە کۆمەڵـی ئیسـلامی و جوندولئیسـلامیان لـێ پێـك هـات. بۆیـە لـە سـاڵی ٢٠٠١دا بزوتنـەوەی ئیسـلامی هەمـان بزوتنـەوە ئیسـلامییەکەی

ساڵی ١٩٩٧ نەبوو. ئەم ڕەوشە وای کرد بە شداری پێ کردنی کۆمەڵی ئیسلامی لە ڕێککەوتنەکەدا شتێکی پێویست بێ. دووەم، ئەو قەڵەمڕەوەی کە لە ژێر دەسەلاتی بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیدا بوو، جوندولئیسلامیشی لێ بوو. ئەمەش دوو کێشەی لێ دەکەوتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە بە هۆی ئەو تێکهەڵکێشبونەوە، ئەستەم بوو هێزی پێشمەرگە ئۆپەراسیۆنی فراوان دژی جوندولئیسلام ئەنجام بدات و ناوچەکانی لێ پاك بکاتەوە. دووەمیشیان ئەوە بوو کە چەکدارەکانی جوندولئیسلام لەو ناوچانەوە دزەیان دەکرد و دەستیان لە هێزی پێشمەرگە دەوەشاند و پاشان دەگەڕانەوە بۆ بنکەکانیان.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەردەوام بوو لەسەر فشار خستنە سەر هەردوو حزبی بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بۆ هەڵوەشاندنەوەی جوندولئیسلام، لەو ڕوانگەیەوە کە ئەندامانی گروپەکە لە بنەڕەتدا ئەندامی یەکێ لەو دوو حزبەن یاخود پەناگەیان بۆ دابین نەکەن یاخود لێ نەگەڕێن لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیانەوە هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە. فشاری دوو حزبەکە ئەنجامی

یەکلاکەرەوەی لێ نەکەوتەوە، چونکە ئەندامانی گروپی جوندولئیسلام ئامادە نەبون گوێ لە کەس بگرن و بەردەوام بون لەسەر توندڕەوەی و ملهوڕی.

ئێرانییەکان لە تێڕوانینەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە زۆر نزیك بون. ئەمەش هانی دان بکەونە گەڕ بۆ کاراکردنەوە و فراوانکردنی کایەی ڕێککەوتننامەی ساڵی ١٩٩٧ و هێنانی کۆمەڵی ئیسلامی بۆ ژێر چەترەکەی.

لە تشرینی دووەمی ٢٠٠١دا شاندێك بە سەرۆکایەتیی کۆسرەت ڕەسول عەلی لە تاران نوێنەرایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد و لەگەڵ نوێنەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی بەشداریی لە دایەلۆگێکدا کرد کە بە سەرپەرشتیی ئێران بەڕێوەچوو. گفتوگۆکان بنەمایەکیان بۆ هەماهەنگی و لێك تێگەیشتن لە نێوان هەر سێ لایەن هێنایە دی. لە ٢٢ی تشرینی دووەمدا سەروتاری ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ» بەم جۆرە گوزارشتی لە ناوەڕۆکی کۆبونەوەکانی تاران کرد کە «کۆبونەوەکان بە واژۆکردنی بەڵگەنامەیەك کۆتاییان هات کە دەچێتە پاڵ ڕێککەوتنەکەی تارانەوە و هەندێ لەو وردەکارییانە دەستەبەر دەکات کە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی

تاران لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا پێویستن، بەتایبەتی بۆ سازکردنی زەمینە و دیاریکردنی میکانیزمی هاوبەش لە نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی تا گوشاری جۆراوجۆر و پێویست بێتە ئارا بۆ بەدیهێنانی ستراتیجی هاوبەش بەرامبەر بە گروپی جوندولئیسلام کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو گروپەدا دەبینێتەوە».

لە ٢٣ی تشرینی دووەمدا یەکەم بەڵگەی بەهێز لەسەر بونی چەکداری بیانی لە ناو ریزەکانی گروپی جوندولئیسلام دەرکەوت، کاتێك ڕۆژنامەی «وەتەن»ی ئوردونی بڵاوی کردەوە کە چوار هاوولاتیی ئوردونی لە کوردستانی عیراق کوژراون. پێشتر لە ئوردون وا باو بوو کە چوار ئوردونییەکە لە ئەفغانستان کوژراون، بەڵام دواتر ڕۆژنامەکە هەواڵەکەی راست کردەوە و بڵاوی کردەوە کە چوار ئوردونییەکە لە ئەفغانستان نەکوژراون، بەڵکو لە ناوچەی هەڵەبجە لە پێکدادانێکدا لە نێوان گروپی جوندولئیسلام و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کوژراون. ڕۆژنامەکە لە زاری برای یەکێ لە کوژراوەکان بڵاوی کردەوە کە براکەی لە پێکدادانێکدا لە ٢٧ی ئەیلولدا

کـوژراوە و سـێ کەسـەکەی تریـش لـە ٥ی تشـرینی یەکەمـدا کـوژراون. ڕۆژنامەکـە ئامـاژەی بـۆ ئـەوە کـردووە کـە هـەر چـوار ئوردونییەکـە سـەر بـە ڕێکخـراوی قاعیـدەن و لـە ئەفغانسـتان مەشـقی عەسـکەرییان پـێ کـراوە، سـێ سـاڵیش لەمەوبـەر لـە چاچانسـتان شـەڕیان کـردووە.

## کۆبەند:

*بزوتنـەوەی تالیبـان بزوتنەوەیەکـی ئیسـلامیی سـوننەگەرایە، لـە سـاڵی ١٩٩٤دا لەسـەر دەسـتی مـەلا محەمـەد عومـەر دامـەزراوە و زۆربـەی ئەندامەکانـی لـە خوێنـدکارە بـە ڕەگـەز پەشـتۆنەکانی خوێندنگـە ئاینییەکانـی ڕۆژهـەڵات و باشـوری ئەفغانسـتان بـووە و ناوەکەشـی لـەو خوێندکارانـەوە وەرگرتـووە.

تالیبـان بـە پشـتیوانیی دامـەزراوەی سـوپایی پاکسـتان، جەنگـی لـە دژی هەمـوو گروپە ئیسـلامییەکانی ئەفغانسـتان ڕاگەیانـد و لـە ماوەیەکـی پێوانەییـدا دەسـتی بەسـەر قەڵەمڕەوێکـی پانوپـۆڕی ئەفغانسـتاندا گـرت. لـە یەکـەم پەلوپـۆ هاوێشـتنی گەورەیـدا، تالیبـان دەسـتی بەسـەر شـاری قەندەهـاردا گـرت و زۆری نەبـرد، لـە ماوەیەکـی کەمـدا، دەسـتی بەسـەر ١٢ ویلایەتـدا گـرت. لـە سـاڵی ١٩٩٥دا دەسـتی بەسـەر هیراتـدا گـرت لـە

بـەری ڕۆژئـاوادا و زۆری پـێ نەچـوو لـە سـاڵی ١٩٩٦دا دەسـتی بەسـەر کابولـی پایتەختـدا گـرت و میرنشـینی ئیسـلامیی ئەفغانسـتانی ڕاگەیانـد. لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی، تەنهـا سـێ دەوڵـەت لـە جیهانـدا بـە شـێوەیەکی فەرمـی دانیـان بەحکومەتەکـەی تالیبانـدا نـا، ئەوانیـش پاکسـتان و عەرەبسـتانی سـعودی و ئیماراتـن.

*بزوتنـەوەی تالیبـان، لـە سـۆنگەی پاڵنـەری ئایدیۆلۆژییـەوە، هاوپەیمانیـی سـتراتیجیی لەگـەڵ ڕێکخـراوی قاعیـدەی ئوسـامە بـن لادن پێکهێنـا، داڵـدەی سـەرکردەکانی دا لـە ئەفغانسـتان و پـاش هێرشـەکانی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١ بـۆ سـەر نیوویـۆرك و واشـنتۆن، ڕازی نەبـوو ڕادەسـتی ئەمریکایـان بـکا.

*تالیبـان پەیـڕەوەی لـە ڕێبـازی دیۆبەنـدی دەکا کە زۆر دژی کەلتـوری ڕۆژئاواییـە، بـە لای جێبەجێکردنـی دەقـاودەق و ڕەهـای شـەریعەتی ئیسـلامدا دادەشـکێنێ و مۆدێرنێـزە و تێڕوانینـە فیقهییـە میانـڕەوەکان ڕەت دەکاتـەوە.

*لەگـەڵ ڕوخانـی تالیبـان لـە سـاڵی ٢٠٠١، وردە وردە ئەمریـکا کەوتـە سـازکردنی پێداویسـتییەکانی تەنگهەڵچنیـن بـە ڕژێمـی عیـراق و ڕوخاندنـی. لـەو

ماوەیـەدا تێبینیـی ئـەوە دەکـرێ کـە سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا زۆر بـە چڕی لـە ژێـر کاریگەریـی ڕوداوەکانی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١ دا هەڵسـوڕاوە. بـەڵام لـە جەنگـی عیراقـدا لــە ســاڵی ٢٠٠٣، ئەمریــکا لــە گوتــاری ڕاگەیەندراویــدا کەمتـر باسـی جەنگـی جیهانیـی دژی تیـرۆری کـرد و زۆرتر جەختـی کـردە سـەر داماڵینـی چەکـی کۆکـوژی عیـراق و ڕزگارکردنـی گەلـی عیـراق لـە ڕژێمـە دکتاتۆرەکـەی.

## پاشکۆی ژمارە (١)

## ڕاگەیەندراوی مەکتەبی سیاسی
## دەربارەی هێرشەکانی سەر نیوویۆرك و واشنتۆن

مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە داخێکی زۆرەوە هەواڵی ئەو کارەساتەی پێ گەیشت کە گەلی ئەمریکا لە ئەنجامی ئەو کردەوە تاوانکارییەدا دوچاری بووە کە سەرلەبەیانیی ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١دا شارەکانی نیوویۆرك و واشنتۆنی گرتەوە و زیانی گەورەی گیانی و دارایی لێ کەوتەوە.

بەم بۆنە کەسەربارەشەوە لە کاتێکدا کە سەرەخۆشیی گەرم لە گەلی ئەمریکا دەکەین، بەتایبەتی کەسوکاری قوربانییەکان، ئەوا بە توندی ئەو کەسانەی کە ئەو کردەوە تاوانکارانەیان ئەنجام داوە و ئەوانەی نەخشەیان بۆ داناوە و ئەوانەی لە پشتیانەوەن مەحکوم دەکەین و پشتگیریی ڕاوەدونان و سزادانی توندیان دەکەین لە هەر کۆییەك بن، بۆ ئەوەی ببنە پەند بۆ هەر کەسێك بیر لەوە بکاتەوە شێوازی تیرۆریستی لە کارکردندا پەیڕەو بکات کە ببێتە هۆی گیان لە دەستدانی خەڵکی بێ دەرەتان

یاخـــود ڕێکخســـتنی چالاکیـــی تیرۆریســـتی و هاندانـــی.

هیـــچ کاتێـــك تیرۆریـــزم ڕێوشـــوێنێکی شـــەرافەتمەندانە نەبـــووە بـــۆ گەیشـــتن بـــە ئامانجـــی خـــوازراو لـــە هـــەر کوێیـــەك و لـــە هـــەر هەلومـــەرج و کەشـــوهەوایەکدا و تەنهـــا دەبێتـــە هـــۆی ئاڵۆزکردنـــی ئـــەو کێشـــەیەی کـــە هەیـــە و دورکەوتنـــە لـــە چارەســـەرکردنی.

مەکتەبـــی سیاســـیی یەکێتیـــی نیشـــتمانیی کوردســـتان جارێکـــی تـــر ڕێبـــازی مەبدەئیـــی چەســـپاوی خـــۆی ســـەبارەت بـــە مەحکومکـــردن و سەرزەنشـــتکردنی تیرۆریـــزم دوپـــات دەکاتـــەوە، ســـەرەڕای ئـــەو هەمـــوو جـــۆرە زوڵـــم و چەوســـانەوە و جینۆســـایدەی کـــە گەلەکەمـــان ســـاڵەهای ســـاڵە دوچـــاری بـــووە، ئەویـــش لەســـۆنگەی بـــاوەڕی چەســـپاوی بـــە راســـت و دروســـتیی ڕێبـــازی دیموکراتیـــی جەمـــاوەری لـــە تێکۆشـــاندا بـــۆ گەیشـــتن بـــە وەدیهێنانـــی ئامانجەکانـــی گەلەکەمـــان لەمـــەڕ ئـــازادی و ئاشـــتی و ســـەقامگیری و پیادەکردنـــی مافـــی چـــارەی خۆنوســـین، هەروەهـــا لەســـۆنگەی بـــاوەڕی بـــەوەی کـــە تیرۆریـــزم کارێکـــی بێـــزراوە و پێچەوانـــەی گشـــت بەهـــا و داب و نەریتـــە مرۆییەکانـــە.

مەکتەبی سیاسیی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
قەڵاچوالان ١٢/ ٩/ ٢٠٠١

## پاشکۆی ژمارە (٢)

### ڕاگەیەنـدراوی هاوبەشـی یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان دەربـارەی ڕوداوەکانـی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١

بـۆ هەڵسـەنگاندنی بارودۆخـی پـاش ڕوداوەکانـی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١ی ئەمریـکا، هـەردوو مەکتەبـی سیاسـیی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و یەکێتیـی نیشـتمانیی کوردسـتان، لـە ڕۆژی ١٥ی ئەیلولـی ٢٠٠١دا کـۆ بونـەوە. پـاش وتووێژێکـی بابەتییانـە دەربـارەی ڕوداوەکان و کاریگـەری و ئەنجامەکانـی، گەیشـتنە ئـەم خاڵانـەی خـوارەوە:

١- تاوانبارکردنـی کاری تیرۆریسـتییانە بـە هەمـوو شـێوەکانییەوە لەسـەر ئاسـتی جیهانـی و ناوخۆیـی. هـەردولا ئـەو کارە تیرۆریسـتییانە کـە دژ بـە مرۆڤایەتـی و شارسـتانیەتن، تاوانبـار دەکـەن و خـەم و پـەژارەی خۆیـان بـۆ کەسوکاری قوربانییـەکان بـە تایبەتـی و بـۆ گەلـی ئەمریـکا بەگشـتی دەردەبـڕن.

لـەم بارەیـەوە هـەردولا بـە شـانازییەوە ئـەو

ڕاستییەیان ڕاگەیاند کە سەرەڕای هەموو زۆر و ستەم و هەوڵی لەناوبردنی نەتەوەی کورد، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان هیچ کات پەنای نەبردۆتە بەر کاری تیرۆریستییانە، بەڵکو لەسەر خەباتی دیموکراتی و جەماوەرییانەی خۆی بەردەوام بووە، بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی لەمەڕ ئازادی و دیموکراسی و مافە ڕەواکانی.

٢- فراوانکردن و بەهێزکردنی هاوکاری و هاودەنگی لە نێوان هەردولا و هەموو هێز و کۆمەڵە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و بەردەوامبون لەسەر پەیوەندیی نێوانیان بۆ یەکخستنی ڕیزەکان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە پێشهاتەکان لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان، بەتایبەتی پەلەکردن لە پێشخستنی پرۆسەی ئاشتی و هەڵوێستی یەکگرتوو دژ بە هەموو جۆرە کارێکی تێکدەرانە و تیرۆریستییانە لە هەرێمی کوردستان.

پیرمام ١٥/ ٩/ ٢٠٠١

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٦/ ٩/ ٢٠٠١)

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## ڕاگەیاندنی هاوبەشی حزبە کوردستانییەکان
## دەربارەی ڕوداوەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١

لــە ١٧ی ئەیلولــی ٢٠٠١دا چــوارده لایەنــی سیاســیی کوردســتان لــە بــارەگای مەکتەبــی سیاســیی یەکێتیــی نیشــتمانیی کوردســتان لــە قەڵاچــوالان کۆبونــەوە. لــە کۆبونەوەکــەدا ڕەوشــی ئەمــڕۆی جیهــان و ناوچەکــە و کوردســتان خرایــە بــەر بــاس و لێکۆڵینــەوە.

ئامادەبـووان نیگەرانیـی خۆیـان سـەبارەت بـە ڕوداوەکانـی ١١ی ئەیلولـی ٢٠٠١ی هـەردوو شـاری نیوویـۆرك و واشـنتۆن ڕاگەیانـد. هـەر بـەم بۆنەیـەو، کۆبونەوەکـە هاوخەمیـی خـۆی بـۆ گەلـی ئەمریـکا بەگشـتی و کەسـوکاری قوربانییـەکان بەتایبەتـی دەربـڕی. لـە کۆبونەوەکـەدا هەمـوان کـۆك بـون لەسـەر تاوانبارکردنـی سیاسـەتی تۆقانـدن و ڕەشـەکوژی لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیـی و جیهانـی.

کۆبونەوەکـە ئـەو ڕاستییەی دوبـارە کـردەوە کـە سـەرەڕای ئــەوەی کــە بەدرێژایــی خەباتــی ڕزگاریخوازیــی گەلــی کوردسـتان، زۆر سـتەم بـەکار هێنـراوە و هەوڵـی لەناوبردنـی دراوە، بــەڵام هەرگیــز بزوتنــەوەی ڕزگاریخــوازی گەلەکەمــان پەنــای بــۆ کاری تیرۆریســتی و نــاڕەوا نەبــردووە.

لە کۆبونەوەکەدا بە بۆنەی تێپەڕبونی سێ ساڵ بەسەر ڕێککەوتننامەی واشنتۆندا، جەخت لەسەر پێویستیی بەرەو پێشەوە بردنی پرۆسەی ئاشتی و هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان سەبارەت بە پێشهاتەکان لەپێناوی پاراستنی پەیوەندییە باڵاکانی گەلەکەماندا کرایەوە.

لایەنە بەشداربووەکان:

بزوتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستان

بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشوری

بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

بزوتنەوەی نیشتمانیی یەکێتیی بێت نەهرەین

پارتی نەتەوەیی کوردستان

پارتی پارێزگارانی کوردستان

حزبی رزگاریی کوردستان

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

پارتی کۆمۆنیستی کوردستان

کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان

پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان

یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (١٨/ ٩/ ٢٠٠١)

## پاشکۆی ژمارە (٤)

## سەروتاری «کوردستانی نوێ» دەربارەی کۆبونەوەی سێقۆڵیی قەڵاچوالان

ئەگـەر هێرشـە تیرۆریسـت و وێرانکەرەکانـی سـەر واشـنتۆن و نیوویـۆرك جیهانیـان هەژانـد بـێ و بـن لادن و تالیبانیـان خسـتبێتە بـەردەم رق و کینـە و گیانـی تۆڵـەی رای گشـتیی گـەلان، ئـەوا قەسـابخانەکەی دەسـتی جوندولئیسـلام لـە ئاوایـی خێڵـی حەمـەی هەڵەبجـەی شـەهید، قوربانییانـی دەسـتی درا کۆلاکانـی جوندولئیسـلام کـە بـە راسـتی جوندولئیرهابـن و بـە ناهـەق نـاوی پیـرۆزی ئیسـلامیان لـە خـۆ نـاوە، لە سـەربڕاو و جەسـتە شـێوێنراو بە شمشـێر و قەمـە و چەقـۆ، دیمەنەکانـی جەسـتەی ئـەو پۆلـە مرۆڤانـەی لـە نـاو ئـارام و ئاسایشـی ئاوایـی خێڵـی حەمـەدا رۆژیـان بەسـەر دەبـرد، بـە بـەراورد، هەژێـن و سـامناکتر بـوو، بـە جۆرێـك کـە جەمـاوەری گەلەکەمانـی وا هەژانـد کـە لەوپـەڕی تورەیـی و ناڕەزاییـدا داوای تۆڵـەی ڕەوای بکـەن و عەشـیرەت و تیـرە و بنەماڵـە نیشـتمانپەروەرەکان داوای چوونـە بـەرەی شـەڕ بکـەن، تـا هـەم تۆڵـەی خوێنـی

شـەهیدان بکەنـەوە هـەم کوردسـتان لـە جوندولئیسـلام پـاك بکەنـەوە. بۆیـە کارە تیرۆریسـتی و خوێنڕێـژی و قەسـابخانەکەی دەسـتی جوندولئیسـلام، ریزەکانـی گەلەکەمانـی یەکدەنـگ کـرد. لەبـەر ئـەوە، لـەو کۆبونەوەیـەی هەڤـاڵ مـام جـەلال لەگـەڵ هـەردوو شـاندی کۆمەڵـی ئیسـلامیی کوردسـتان و یەکگرتـووی ئیسـلامیی کوردسـتان، هـەردوو شـاندەکە ناڕەزایی خۆیـان لـەو ڕەفتـارە دڕندانەیـەی ئەوانـەی نـاوی خۆیـان نـاوە جوندولئیسـلام دەربـڕی و سەرزەنشـتی کوشـتن و سـەربڕینی پێشـمەرگەکانی یەکێتییـان کـرد.

بۆیــە، لــە جێــگای خۆیدایــە کــە کۆمەڵانــی خەڵکــی کوردسـتان وا پـڕ لـە حەمـاس و بـە گیانـی خۆبەختکردنـەوە بێنــە پێشــەوە و داوای لەناوبردنــی جوندولئیســلام بکــەن، چونکـە لـە هیـچ کاتێکـدا بـە دەسـت هیـچ تاقمێکـی خوێنڕێـژ و بـە نـاو موسـڵمان و دژ بـە گەلێکـی موسـڵمانی وەك کـورد، کاری وا و تاوانــی وا و خوێنڕێژیــی لــەو جــۆرە نەکــراوە.

هــەر لەبــەر ئەوەشــە کــە ئەمــڕۆ جەمــاوەری گەلەکەمــان بــە هەمــوو چیــن و توێژەکانییــەوە، بــە ژن و پیــاو و گەنــج و پیــرەوە، خۆپیشــاندان لــە دژی تاقمــە خوێنڕێژەکــەی جوندولئیسـلام دەکـەن، داوای پاککردنـەوەی نیشـتمان دەکەن لێیـان، چونکـە ئـەوان لـە نـاو خوێنڕێژیـدا دەیانـەوێ کـۆت و زنجیـر بکەنـە دەسـت و پێـی ژنـان، پێشـکەوتن و شارسـتانێتی

لەنـاو بـەرن، تاریکسـتانی جەهالـەت کوردسـتان بگرێتـەوە، کوردسـتانەکەمان لەنـاو بـەرن و نەتـەوە و گـەل و تەفروتونـا بکـەن.

بۆیـە، ئێـوە ئـەی حزبـە تێکۆشـەرەکانی هاوپەیمانیـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئـەی جەمـاوەری تێکۆشـەری سـەندیکا و یەکێتـی و ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان، ئێـوە ئـەی روناکبیـران، ئێـوە ئـەی کرێـکار و جوتیـار و خوێنـدکار، ژنـان و مامۆسـتا و دکتـۆر و ئەندازیـار و کاسـبکاران، یـەك دەنـگ و یـەك ریـز دژی تیرۆریسـتانی جوندلئیسـلام ڕاپـەڕن و ریسـوایان بکـەن، تـا نیشـتمانیان لـێ پـاك بکەینـەوە، چونکـە پێشـکەوتن و ئەقڵـی سـەردەم ڕێـگا جوندولئیسـلام نـادەن گـەرا لـە کوردسـتان دابنێـن.

جەمـاوەری تێکۆشـەری گەلەکەمـان تاقمـە خوێنڕێژەکەی جوندولئیسـلام وا ریسـوا دەکـەن کـە ناوچەکەشـیان لـێ بکرێتـە ئاگـر و ئـەو تاوانبارانـەی تێیـدان بـە سـزای ڕەوا بگەیەندرێـن.

بـۆ پێشـەوە ئـەی جەمـاوەری تێکۆشـەر، بـۆ پێشـەوە رووەو ریسـواکردن و لەناوبردنـی تیرۆریسـتان.

بـۆ پێشـەوە رووەو سـەرکەوتن و پاککردنەوەی نیشـتمان لـە خۆفرۆشـان و نۆکەران.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠٠١/١٠/١).

## پاشکۆی ژمارە (٥)

## جیهانی پاش جەنگی ئەفغانستان
## (وتاری رادەربڕین)

پاش دەرچونی هێزەکانی تالیبان لە کابولی پایتەخت، بەپێی ئەو تەرازووی هێزەی کە لە ئەفغانستاندا هەیە، تالیبان وەك هێزێکی کاریگەر لە هاوکێشەکان دەرهێنراوە وکەس مشتومڕ لەسەر مان و نەمانی ناکات.

جەنگی ئەفغانستان، وەك ئەمریکا پلانی بۆ کێشا بوو، بەرەو ئەوە دەچێ کە سەرەنجامەکەی بە سەرفرازبونی ئەمریکا کۆتایی بێت، هەم لەم روی تاکتیکییەوە هەم لە روی ستراتیجییەوە. هەر چییەك بێ مەبەستی فەندەمەنتالیستەکانی ئەفغانستان بە عەرەبەکانیشەوە، جەنگەکە بەو ئاکامەی کە خەریکە پێی دەگات، دوو سەرەنجامی زۆر کاریگەری لێ دەکەوێتەوە کە رێك پێچەوانەی حەزی فەندەمەنتالیستەکانن.

یەکەمیان ئەوەیە کە ئەمریکا، بەپێچەوانەی ئەوەی

کە فەندەمەنتالیستەکان هەوڵیان بۆ داوە، ڕێبەرایەتیکردنی جیهانی بە هۆی جەنگی ئەفغانستانەوە، لانی کەم بۆ چارەکە سەدەیەك مسۆگەر کردووە. تا جەنگی ئەفغانستان لە گۆڕێدا نەبوو، خەریك بوو ریزبەندییەکی جیهانی و جەمسەری تازە بەرامبەر بە ئەمریکا پەیدا دەبوو کە دژی سەرهەڵدانی جیهانی تاك جەمسەری بون بە ڕێبەرایەتیی ئەمریکا، بەڵام جەنگی ئەفغانستان ڕێبەرایەتیی جیهانیی ئەمریکای چەسپاند و ئەمریکای هاندا چیتر، بە ئەندازەی جاران، سڵ لە بەکارهێنانی هێز، لە هەر جێیەکی جیهان، نەکاتەوە.

دووەمیان ئەوەیە کە ئیسلامی فەندەنتالیست چیدی ناتوانێ، بە قەد جاران، وەك دیاردەیەکی جیهانی خۆی بنوێنێ و لێرە بەدواوە ئەم دیاردەیە بەرەو پوکانەوە دەچێ.

تا پێش جەنگی ئەفغانستان و وردتر دەم و دەست پاش هەرەسهێنانی کۆمۆنیزم لە روسیا و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بیریارانی ڕۆژئاوا لەوە دەترسان پاش سەرکەوتنی سەرمایەداری بەسەر سۆسیالیزمدا، ڕۆژئاوا دوژمنێکی تری لێ قوت ببێتەوە کە ئیسلامی فەندەمەنتالیستییە و لەم سۆنگەیەوە ململانێیەکی تری دژوار لەسەر ئاستی گۆی زەمین لە نێوان

سەرمایەداری بە رێبەرایەتیی رۆژئاوا و ئیسلام بە رێبەرایەتیی رێکخراوە رادیکالە ئیسلامییەکان سەر هەڵا بدات.

بەڵام ئێستا ئەو ئەگەرە پاشەکشەی کردووە و دەشێ جەنگی ئەفغانستان بە سەرەتای سەرکەوتنی جیهانیی سەرمایەداری بژمێردرێ. بڕانەوەی جەنگی ئەفغانستان بەو سەرەنجامانەی کە پێشبینی دەکرێن، ئاکامێکی وا فەراهەم بکات کە لیبرالیزم لە سایەیدا بەرەیەکی زاڵ بێ بەسەر جیهاندا.

لەم سۆنگەیەوە، ئەوەندەی ئوسامە بن لادن و ئەفغانە عەرەبەکان و تالیبان خزمەتی مەرامە ستراتیجییەکانی ئەمریکایان کردووە، خودی ئەمریکاییەکان بەو رادەیە خزمەتیان نەکردووە. ئەمریکاییەکان، لانی کەم تا چارەکە سەدەیەك، قەرزاری توندڕەوە ئیسلامییەکان دەبن کە هەلومەرجێکیان پێکهێناوە کە ئەمریکا بتوانێ جیهانی تاك جەمسەری بەسەر هەمووانـدا بسەپێنێ.

تێبینی: وتارەکە بە ناونیشانی «دوو سەرەنجامە گرنگەکەی جەنگی ئەفغانستان « فەرید ئەسەسەرد نوسیویەتی.

سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠٠١/١١/١٤).

## پاشکۆی ژمارە (٦)

## تالیبان و جێبەجێکردنی شەریعەت
## (وتاری رادەربڕین)

پـاش شـەش سـاڵ لـە لادانـی لـە ڕەوتـی ژیـان، ئەفغانسـتان گەڕایـەوە سـەر ڕەوتـی ئاسـایی خـۆی. دور لـە مەسـەلە سیاسـییەکان، تالیبـان ئەفغانسـتانی کـرد بـووە وڵاتێـك کـە لـە هیـچ شـوێنێکی گـۆی زەمیـن نمونـەی نەبـوو. بـە بیانـوی جێبەجێکردنـی بنەماکانـی ئایـن، زۆر شـتی قەدەغـە کـرد بـوو کـە کـەس بیـری بـۆ ئـەوە نەدەچـوو کـە دەشـێ، بە شـێوەیەك لە شـێوەکان، بنەماکانـی ئایـن ڕێـك نەکـەون وەك رادیـۆ، تەلەفزیۆن، کامیـرە و شـتی تـر. جگـە لـەوە، سیسـتمێکی وای داهێنـا بـوو کـە تێیـدا ریـش هێشـتنەوەی بەسـەر پیاوانـدا و خۆپوشـینی لـە نوکـی پێـوە تـا تەوقـی سـەر بەسـەر ژنانـدا سـەپاند بـوو.

تێگەیشـتنی تالیبـان بـۆ ئایـن تێگەیشـتنێکی ئاڵـۆز بـوو. تێکەڵـە بـوو لـە دەرەبەگایەتیـی رۆژهەڵاتـی و بیـری سـەدە تاریکـەکان و وەهابیـەت (وەهابیـزم).

پرسیارێك كە لێرە دیتە پێش ئەوەیە كە ئایا تالیبان لە سیستمەكەیدا پەیڕەویی لە شەریعەت كردووە؟ ئەگەر مەسەلەكە لەو ڕوانگەیەوە وەربگیرێ كە شەریعەت ئەوەیە كە لە ئەفغانستان لە سایەی ڕژێمی تالیباندا پیادە كراوە، ئایا دەكرێ ڕژێمی تالیبان بكەینە نمونەی ئەو ڕژێمە ئیسلامییەی هەوڵی دامەزراندنی دەدرێ؟

لە ڕاستیدا لە جیهانی ئیسلامدا سێ هەڵوێست بەرامبەر بە تالیبان و سیستمەكەی هەیە: یەكەمیان هەڵوێستی ئیسلامی وەهابییە كە ڕێبازی تالیبان وەك بەشێك لە ڕێبازی وەهابی دادەنێ و لەم دیدەوە عەرەبستانی سعودی بە شێوەیەكی فەرمی دانی بە ڕژێمی تالیباندا نا. دووەمیان هەڵوێستی ئیسلامی شیعییە كە لە سۆنگەی هەڵوێستی دوژمنكارانەی تالیبانەوە بەرامبەر بە شیعە دژی تالیبان دەوەستێتەوە و ئیسلامەكەی بە لادەر دادەنێ. سێیەمیان هەڵوێستی توندڕەوە فەندەمەنتالیستەكانە كە سودیان لە حوكمڕانیی تالیبان وەرگرت و قۆستییانەوە بۆ تیژكردنی جیهاد. بەپێی ئەم پۆلینە، ئێران و گروپە شیعەكانی لێ بترازێ، جیهانی ئیسلام هەڵوێستێكی توندی بەرامبەر بە تالیبان نەبوو.

بـەڵام ناکـرێ ئیسـلامی تالیبـان وەك نموونەیەکـی پرشـنگداری ئیسـلام بناسـرێ. ئـەوی ڕاسـتی بـێ، ئـەو ئەزموونـەی کـە لـە ئەفغانسـتان لەسـەر دەسـتی تالیبـان پراکتیـزە کـرا، بـە مانـای وشـە پراکتیزەکردنـی شـەریعەت نەبـوو، بەڵکـو پراکتیزەکردنـی ئـەو مۆدێلەیە کـە تالیبـان بانگەشـەی بـۆ دەکـرد. ئەمـەش بـەم مانایـە دێ کـە تێگەیشـتنی شـەریعەت لـە شـوێنێکەوە بـۆ شـوێنێکی تـر و لـە گروپێکـەوە بـۆ گروپێکـی تـر و لە زەمانێکـەوە بـۆ زەمانێکـی تـر دەگـۆڕێ. لەم سـۆنگەیەوە جێبەجێکردنـی شـەریعەت، وەك هـەر شـتیکی تـر، شـیاوی هەڵەکردنـە. لـە هەمـووی ناخۆشـتر ئەوەیـە کـە شـتێك نیـە گەرەنتیـی جێبەجێکردنـی شـەریعەت بەبـێ هەڵـە و کەموکـوڕی بـکات. تالیبـان نموونەیەکـی هـەرە خراپـی جێبەجێکردنـی شـەریعەتە. سـڕینەوەی ئاسـەواری ئـەو جێبەجێکردنـە خراپـە، ئەگـەر دەرفـەت بـۆ سـڕینەوەی هەبـێ، ماوەیەکـی زۆری پـێ دەچـێ.

تێبینی: وتارەکە فەرید ئەسەسەرد نوسیویەتی.
سەرچاوە: کوردستانی نوێ (٢٠٠١/١١/٢١).